Dr.Saleh Ebrahimi



سەدەی ٩ی بەر لە زایین لە غەرەبی دەریاچەی ورمێ داهەڵکە و تووە، کە بەگیلزان Gilzan ناوداربووە (هەرئە و 148 نەخشەی 105). بەڵام دیار نیە کێهە، یەک لە ناوەکان لە بەرابون، بەڵام لەوە دەچێ ئورشیدیش وگیلزان، لەپێش ناوی ئورمیت و ورمێدا هەبون (بۆ ئاگاداری زیاتر لە بابەت ناوی ئورمیە، بڕواننە: هـ د. ئورمیە، دەریاچە).

کەنارەی غەربی دریاچەی ئورمیە، یانی گیلزانی کەوناراو باستانی لە سەدەی ٩ی بەر لە زایین، ناوچەیێ سەر بە خۆ بووە، کە بە رواڵەت لە دواییدا بۆتە بەشێ لە دەوڵەتی ئۆرارتو (لە پێشێنانی کورد و ماد ن) یاماننا یا لە نێو ئەو دو دەوڵەتەدا تەقسیم بووە (دیاکۆنۆف، ١١٦).، سنوری ماناکان تا غەربی شاری ورمێ و سنوری دەسکردی نێوان ئێران و تورکیە و عێراق درێژ بووەتەوە. (هەرئەو، ٣٤٧).

لە ساڵی ٨٤٦ بەرلەزایین **سپای ئاشۆر** سەرزەوی کیوەکانی نێوان دەریاچەی ورمێ و دەریاچەی وانی، داگیر کردوە کە سە زەوی شارستانی ئێستای ورمێ ـ ی ئەم سەردەمە بەشێ لە و خاکانە بووە کە ئاشور داگیری کردبون. شاری توشپا لە باشوری دەریاچە، زەمانێ تەختگای دەوڵەتی ئورار تۆ بووە (پیوترۆفسکی، 62-60 ـ (گیرشمەن، ١٢٩ ـ ١٣٠)، لە حوزوری سکاکان لە سەدەی بەر لە زایین لە ناوچەی ورمێ دا یاد کریاوە (پیوترۆفسکی 235). لە عەهدی عەتیقدا لە مەملەکەتی ئارارات،ماننا (منّی) و ئاشکیناز (سکاکان) یادکریاوە (ئەرمیا ٥١ ؛ ٢٧) کە تارا دەیەک، ناوچەی ماناکان دیاری و دەس نیشان دەکا، دەوڵەتی ئۆرارتۆ کە ببووە جێ‌نشینی ماننا، لەسەدەی ٧ بەر لە زایین دوابڕاون و دەوڵەتی ماد جێی گرتەوە.

**ئاگردانی ئازەرگوشەنسب** کە لە رۆژگاری ساسانیدا بە شوێنێ پیرۆز و مدفەرێک دە ناسراو شاکان دوای تاج لەسەرنان، بە پێێ پیادە لە مەداینەوە، دە چونە زیارەتی ئەو ئاگردانە (پور داود، ٢ /٢٤٢) کە لە نێزیکی دەریاچەی ورمێ بووە و هەڵیشدەگری کەلە لای شەرقی یا باشوری ئەویدا بوبێ (هەرئەوێ (E11, V111/1033).

Dr.Saleh Ebrahimi



**شاری ورمێ له ده‌وره‌ی خیلافه‌تی عومه‌ری کوڕی حه‌تاب**، به‌ده‌سی صه‌دقه بن عه‌لی بن صه‌دقه‌بن دینارگیرا (بڕوانه بلازه‌ری، ۴۶۲، قیس: ۴۶۴؛ هه‌روا بڕوانه ئیبنی فه‌قیه ۲۸۵). له‌کاتی خیلافه‌تی عوسمانی بن عه‌فغان، کاتێ که سه‌عیدبن‌عاس حوکومه‌تی ئازربایجانی به ده‌س بوو، ده‌سه‌یێ له خه‌ڵکی ئه‌رمه‌نستان و ئازربایجان دایان به سه‌ر ئه‌وداو له ورمێ که به دیواری پته، ده‌پارێزرا، کۆ بوونه‌وه، سه‌عید بن عاس، جه‌ریربن عه‌بدوڵلا بجلی‌یان بۆ له نێو بردنی ئه‌و نارده‌و ئه‌ویش شاری له ده‌س ساند (مه‌شکور، نه‌زه‌ری...، ۱۳۶، جوغرافیا، ۱۰۳؛ ئه‌بولفیدا، ۳۹۷؛ خوری ۱۰٦). جوغرافی نوسانی موسوڵمان که‌سانێ چون ئیسته‌خری (په‌ڕه‌ی ۱۸۱) و کوڕی حه‌وقه‌ل (په‌ڕه‌ی ۳۳٦) و یاقوت (۱/ ۲۱۹) ورمێ‌یان دوای ئه‌رده‌وێل و مه‌راغه به‌سێوه‌مین شاری ئازربایجان، داناوه‌و له داهات و به‌رهه‌می فراوان و بازرگانی په‌ره‌داری ورمێ یادیان کردوه و قسه‌یان له سه‌ر نوسیوه.

له سه‌ده‌ی ۴ی مانگی و ۱۰ زایینی کاتێ که ده‌یله‌میان له ئازربایجان حوکومه‌تیان ده‌کرد، دوای مردنی مه‌رزه‌بان له ۳۴٦ مانگی و ۹۵۷ ز کوڕه‌گه‌وره که‌ی: جستان، هه‌وساری فه‌رمانره‌وایی گرته ده‌س، براکانی: ئیبراهیم و ناسرو فه‌رمانره‌وایانی دیکه‌ی ئازربایجان به‌یعه‌تیان به جستانی بن مه‌رزه‌بان کرد، به‌ڵام **جستان کوڕی شۆڕمه‌زن** که حاکمی ورمێ بوو. ئه‌میش دوای مردنی مه‌رزه‌بان که‌وته بیری سه‌ربه‌خۆیی و نافه‌رمانی له جستانی کوری مه‌رزه‌بان و له ساڵی ۳۴۹ مانگی و ۹٦۰ زایینی له ورمێ قه‌ڵا و دژێ سه‌خت و پته‌وی بۆ خۆیی سازدا و نه‌چو به‌یعه‌ت به‌جستان بن مه‌رزه‌بان بکا، له‌و ساڵه‌دا ئیسحاق بن عیسا کوڕی خه‌ڵیفه ئه‌لموکته فی له گیلان ڕاپه‌ری و خۆی به موسته‌جیر بیللا ناوبرد، **جستان بن شۆڕمه‌زن** له ورمێ‌وه، پاڵی دا به موسته‌جیره‌وه، به‌ڵام جستان بن مه‌رزه‌بان و ئیبراهیمی برای به جوته‌سپایێ قورسیان کۆکردەوه و دایان به‌سه‌رسپای **جستان بن شۆڕمه‌زن** و له ناوچه‌ی موغاندا زاڵبون به سه‌ریدا و ناچار به‌ره‌و

Dr.Saleh Ebrahimi



شاری ورمێ‌ڕای کرد (ئەبوعەلی مەسکۆیە، ۱۷۷ ـ ۱۸۰، کیسرەوی، شاریاران...، ۱۰۵ ـ ۱۰۹).

لە پاش مەحمود غەزنەوی لە ۴۲۰ مانگی و ۱۰۲۹ ز، غەزان ڕێگای ئازربایجان یان گرتەبەر، **ئەبولهەیجا کوڕی ڕەبیب دەولە پێشەوای کوردانی هەزبانی** کە فەرمانڕەوای ورمێ بووە، کۆشا تا غەزان لەئازربایجان بکاتە دەرێ (هەرئەوێ، ۱۹۷؛ کوڕی ئەسیر، ۹/ ۳۸۱ ـ ۳۸۳)، لە ساڵی ۴۳۲ مانگی و ۱۰۴۱ ز، غەزانی کە لەورمێدا بون، دەسیان کرد بە شەڕ و شۆڕ لەگەڵ کوردانـدا، بەڵام سەرەنجام تێشکـان و لە کێـو و چروچیاکاندا پرش و بڵاوبوونەوە (کیسرەوی، هەر ئەوێ، ۱۹۹، ۲۰۳ و هەروا بڕواننە کوڕی ئەسیر، ۹/۳۹۱). لە ۵۲۶ مانگی و ۱۱۳۲ زکاتێ کە سوڵتان مەسعود کوڕی مەلیکشای سەلجوقی لە بەعاوە بەرە و ئازربایجان‌هات، ئەمیر حاجیب تـاتار ورمـێ موحەکەم و پتە و کردبو، کەچی دوای چەندێ ملی بۆ مەسعود دانەوانـد (بـونداری، ۱۵۰ ؛ EI1، هەرئەوێ؛ دێهقان، ۳۵۰). لە ۵۴۴ مـانگی ۱۴۹ ز ـ ورمێ کـە لەبـەر دەسی حوکومەتی محەمەدبن مەحمود نەوە و زاوای سوڵتان مەسعود بوو (هـەرئەو، ۳۵۱؛ راوەندی، ۲۴۴). لە ۶۰۲ مانگی و ۱۲۰۶ ز، ئەتابەک ئەبوبەکر فەرمانڕەوای عیراق و ئازربایجان، ۲ شاری ورمێ و شنۆی بە ئەتابەک عەلائەدین سپارد (کـوڕی ئەسیر، ۱۲ /۲۳۷ ؛ کیسرەوی هەرئەوێ، ۲۴۱؛ دیهقان، ۳۵۲ ـ ۳۵۳). جەلالەدین خوارەزمشا، دوای مارەکردنی ژنی تەلاقدراوی ئوزبەک بن پاڵەوان ئیلدگز بۆخۆیێ، سەڵماس و ورمێی لە ئیقتاعاتی ئەو زیادکرد (نەسوی، ۱۴۹).

لە ۶۲۳ مانگی و ۱۲۲۶ ز، تورکەمەنەکانی ئیوانی، ورمێیان داگیرکرد و خەرج و باجیان لە سەر خەڵک لا برد (کـوڕی ئـەسیر، ۱۲ /۴۶۲). جـەلالەدین بـەدژی ئـەو تورکەمانانە، سپای ناردسەریان و ئەوانیش لەترسا. رایان کردو لە پاشان ورمێ بە کەسێ بە ناوی بوغدی دا (جووەینی، ۲ / ۱۵۹ ـ ۱۶۰). جەلالەدین زستانی ۶۲۸ مانگی و

Dr.Saleh Ebrahimi



١٢٣١ ز، له‌ورمێ رابواردوه (ره‌شیده‌دین، ١ /٤٦٦). ئه‌وه‌كه جه‌لاله‌دین زستان له‌وێ بووه، له‌وه ده‌چێ بوبێته هۆی بلاو بونه‌وه‌ی ئه‌فسانه‌ی بینای «سێ گومه‌زان» كه‌ئێستابه «سێ گومه‌ز» ناوداره (دیهقان، ×٣٥٤. له ١٠١٢ مانگی و ١٦٠٣ ز ـ شاعه‌بباسی صه‌فه‌وی **ورمێ و شنۆی به عومه‌رخانی برادۆست سپاردوه** (ناوه‌كه؛ عومه‌ره له ئێران كراوه‌ته ئه‌میر ـ ئیسكه‌نده‌ر بیگ، ٧٨٢)، عومه‌رخان چون دوای ماوه یه‌ك به دژی شاعه‌بباس راپه‌ری و جوابی نه‌ده‌دایه‌وه، ئیعتماد ده‌وله‌كرایه حاكمی ورمێ و صه‌فه‌وی و شره خۆره‌كانی سه‌فه‌وی، قه‌لای «دمدم» یان، ده‌وره‌دا و فره‌نامرۆیانه خه‌لكی نێو قه‌لای دمدم یان كوشت و قه‌لایان وێران و مالی خه‌لكیان تالان كرد (هه‌رئه‌و ٧٩١ ـ ٧٩٢) شاعه‌بباس كه‌لبالیخانی هه‌و شاری به خوی وگشت خێل و ده‌سه‌ودایره‌كه یه‌وه، له خۆراسانه‌وه ناردە‌سه‌رسنوری غه‌ره‌بی. جادوای ئه‌وه‌ی له‌ورمێ دامه‌زرا كرایه حاكمی ورمێ (دیهقان ٣٦٨ ـ ٣٦٩). نادرشای هه‌وشاری كوردی قه‌راخلو له ١١٥٨ مانگی و ١٧٤٥ ز، دوای ئه‌وه‌ی سه‌ری له ورمێ دا و له كاروباری ئه‌وێ كۆلیه‌وه، فه‌تحعه‌لی‌خانی هه‌وشاری كرده حاكمی ورمێ (هه‌رئه‌و، ٣٧٣)، كه‌ریمخانی زه‌ند له ١١٧٧ مانگی و ١٧٦٣ز ـ له ئه‌رگی و رمێ له سه‌رته‌خت دانیشت و له پاشان رۆسته‌مخانی قاسملو ـ ی كرده حاكمی ورمێ و له ١١٨١ مانگی خه‌لكی شاری به‌دژی ئه‌و راپه‌رین و كه‌ریمخان ـ ی زه‌ند، ره‌زا قولیخانی كرده حاكمی ورمێ (هه‌رئه‌و، ٣٨٤، ٣٨٥).

له زه‌مانی ئاقا محه‌مه‌دخانی قاجار له ١٢٠٥ مانگی و ١٧٩١ز ـ محه‌مه‌د قولیخان كه حاكمی ورمێ بووه، ده‌سی كرد به شۆرش، به لام سه‌رەنجام كه‌وته به‌رعه‌فو و پله‌ی بیگله‌ربیگی ورمێی پێدرایه‌وه (مینورسكی، ٦٤، حاشیه‌ی ٢). دوای ده‌وره‌ی یه‌كه‌می شه‌ره‌كانی ئێران و روس (١٢١٨ ـ ١٢٢٨ مانگی و ١٨٠٣ ـ ١٨١٣ ز) له ١٢٢٩ مانگی و ١٨١٤ ز، عه‌بباس میرزا چووه‌ته ورمێ و ماوه یه‌ك كه له‌وێ بوو، سه‌ر و

Dr.Saleh Ebrahimi



سامانی بە شەڕوانانی بن فەرمانی خۆیداوە، هەروا ئەو دوای ئەوەی لە ساڵی ١٢٤٣ مانگی و ١٨٢٧ ز لە دەس روس تێشکاوە، بەرەو، ورمێ پاشەکشەی کردوە (دێهقان، ٣٩٠، (٣٩١) لە جومادای دوەم لە ساڵی ١٢٤٣ و ژانویەی ١٨٢٨ ژەنراڵ پاسکویچ سەرداری روسی، لایتف ـ ی بە سپاکانیەوە، نارده سەر ورمێ (نەفیسی ٢ / ١٦٠) کە بریەتی بون لە ٦ هەزار سەرباز، ٨٠٠ قەزاق و ٨ عەرادە تۆپ (دیهقان، ٣٩١). بەپێی پەیمانی تورکەمەن چای، بە لێدرا لەدە کورور تەمەن غەرامەتی جەنگی ٧ کورور نەغدو ٣ کورور لە پاشان بدرێ‌و لە راست ئەوەشدا، دوشاری ورمێ و خۆیێ تادانی **تەواوی غەرامەتەکە، لەگرەوی روسەکاندا بن.** (نەفیسی ٢ /١٧٢).

**لە راپەرینی مەشروتەدا.** ورمێ دوای تەوریز و خۆیێ و کرماشان چوارەمین شار بوو کە لەویدا خەڵک راپەرین. لە ١٢٨٥ مانگی و ١٨٦٨ ز، شەڕودەمە قڕە لە نێوان ئێران و عوسمانیدا لە نیزیکی ورمێ لە سنوری دەسکرد، زیانێ فرەی‌دی (کیسرەوی، تاریخ... ١ /٤٣٢). دیارە لەم سەد ساڵەی دواییدا هەرکاتێ لە نێوان حوکومەتی ئێران و تورکی **عوسمانی یا ئێران و عیراق شەڕیان بوبێ کورد بۆتەگوشتی قوربانی** هەر وەکو ئەم شەڕەی صەدام و حوکومەتی ئێران کە لەکورد کوشتاریان دەکرد و ماڵی کوردیان وێران دەکردو کوردیان ئاوارەکرد و هەڵەبجە و سەردەشت و بالیسانیان بەگازی شیمایی قڕکرد و سوتاندیان و بە عەمەدشەڕی خۆیان لە ماڵی کورد و بۆکورد قڕان ئەنجامدەدا (شەپۆل) لە ١٢٩٤ هەتاوی حوکومەتی عوسمانی شێخ محەمەد خیابانیان بەدیل گرت و ناردیانە ورمێ (هەرئەو، ٢ /٧٤٩). لە دەورانی جەنگی جیهانی یەکەمدا شاری ورمێ چەن جار لە نێوان عوسمانی و روسدا دەس بە دەسی پێکراوە. دوای شۆڕشی روسیە لە ١٩١٧ ز و ١٢٩٦ هەتاوی، ساڵدا تەکانی روسی لەکاتی چونە دەر لە ئێران وگەرانەوە بۆ وڵاتی خۆیان شاروبازاری ورمێیان ساف تاڵان کرد (دێهقان، ٤٨٣). لە ٢٢ شەوالی ١٣٣٦ و (ئوتی ١٩١٨ ز سپای عوسمانی خۆیان خزاندە نێو شاری ورمێ و تا سەرەتای

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕەبیعی ئەوەڵی ١٣٣٧ و دیسامبری ١٩١٨ شاریان خواردو دایان پـاچی (هـەرئەو، ٥٣٤ ـ ٥٤٠). لە زستانی ١٢٩٩ (هەتاوی دوای تێشکانی بزاوی خیابانی، سـمکۆی مەزن دەسی کرد بە ڕاپەڕین دەستوری بە ئەرشەد مولك کە خۆی خەڵکی ورمێ بو، داکە ورمێ بگرێ (کیسرەوی، هەرئەوی، ٢ /٨٩٥) **وسمکۆلە ١٩١٩ز ـشاری ورمێ گرتووە و لە** ڕۆژنامەی مەرد ـ ی ئەمرۆدا چاپی ٣١گـولان و ٣ ڕەشـەمەی ١٣٢٥ هەتاوی سمکۆ بە ناوی مێری (: مەرد ـ ی) عەجیب ناو براوە و سەبارەت بـە بوێـری، جوامیری و زیرەکی و لە کارزانی سمکۆی مەزن قسەکراوە (سمکۆی مـەزن پـەری ٢٣٢٠کۆمەڵە و تارێ بەرگی یەکەم هەولێر کە قەرارە لە چاپمەنی موکریان لە ٢٠٠٧ ز ـبە قەڵەمی شەپۆل ـچاپ بکرێ) و لە مانگی سەفەری ساڵی ١٣٢٤ مانگیدا لە لایەن حوکومەتی قاجار، بـە نـاوی سـەرداری سـەرحەد (سـنور) داری هـەروا شـمشێـری مورەسەع و نازناوی سەردار نوسرەت بە سمکۆی مەزن دراوەو کراوەتـە، سـەرداری سنودار، سمکۆی مەزن: سەردار نوسرەت **کوڕی محەمەداغا،کوڕی عەلیخان، کـوڕی صادقخان،کوڕی جەعفەرخان،کوڕی بداغ سوڵتان حاکمی بەڕێزی: (سابلاغ) مەهابادی** موکرییە. (کۆمەڵە و تارێ پەری ٢٢٠ و ٢٣٧) ڕاپەڕیـن و بـزاوی ئـازادیـخوازی سمکۆی مەزن بۆ ئازادی کورد و کوردستان لە ١٩٢٠ ز تا ١٩٣٠ زایینی بە ردەوام بووە و لە ٢٧ پوشپەری ١٣٠٩ هەتاوی بە فڕوفێڵ لە شاری شنۆ بە ڕەشەکوژی بە دەسیڕەشەکو ژان و تیرۆریستانی حوکومەتی ڕەزاشا لە ئێران شەهیدکراوە (دێهقان، ٥٩٦).

**شوێنەواری مێژویی شارستانی ورمێ:** یەکێ لە شوێنەوارە مێژویەکانی ورمێ قەڵا و بارۆی مەحکەم و پتەوی ئەوێ بووە (لسترنج، 165). ئەولیاچەڵەبی لە وەسف و پەسنی قەڵای ورمێ دەنوسێ: کە عەوام بە (تراق‌قەڵا) ناوی دەبەن (٢٩٩/٤). لە **٩٣٢** مانگی و ١٥٢٦ز ـ شا تێهماسبی کوردی صەفەوی پەرەی بەوقەڵایـەداوە و پینە و پـەروی کردوە. یەکێ ترلە ئاسەواری مێژویی ورمێ بینای سێ گومەزانە کە تاریخی کـەتیبەی

Dr.Saleh Ebrahimi



بیناکەی ٥٨٠ مانگی و ١١٨۴ ز ـ یە (دێهقان، ٢١١) و هەروا مزگەوتی هەینی شارکە لە سەدەی ٧ مانگی و ١٣ ز، سازدراوە و میحرابەکەی لە ٦٧٦ مانگی و ١٢٧٧ ز، لە زەمانی ئێلخانی ئاباقاخانی مەغول سازدراوە (هەرئەو، ٢٠٧)، یەکێتر لە ئاسەواری مێژوی ئەوێ قەلای جمجم: دمدم، بەشی قەلاو عیمارەتی چوار بورجە. لە ١٨ کیلومیتری غەربی جادەی ورمێ بو سەلماس (: زاروەند) کە لاوا روخاوەکانی ئاگردان یا بینایێ هەیە کە مێژوەکەی دەگەرێتەوە بۆ سالەکانی ٥٥٠ تا ٥٣٠ بەر لە زایین. لە شەرقی ئەو جادەیەدا ئاسەواری حەججاری پێوەندار بە جەنگی شاپوری یەکەم لەگەل رۆمیان دەبیندرێ (هەرئەو، ٢١٣، ٢١۴، ٢١٥، ٢١٦).

**ناودارانی شارستانی ورمێ:** لە زانایان و ناودارانی ئایینی و پیرانی مەزن، ئەکرێ ناوی حەسەن بن محەمەد حیسامەدین چەلەبی ئورمەوی، سیراجەدین مەحمودئورمەوی، شێخ ئەبو بەکرزینهارانی، کە قەبرەی لە فێرگەی فەتحەلەورمێ (بروانە زریزەی زێرین چاپی ١٩٩٩ ز ـ چاپی ئاراس بەقەلەمی (شەپۆل). سەفیر و لعارفین، نوسرەت عەلیشا،ئەبولحەسەن ئورمەوی، حەکیم عەبدوللا ئورمەوی، ئەبو سەعید ئورمەوی، صەفیەدین ئورمەوی و... (هەرئەوا ٢٣١ ـ ٢۴٣).

لە خەرمانانی ١٣١۴ هەتاوی ناوی ورمێ لە لایەن حوکومەتەوە کرا بە (رەزائیە) و لە ١٩٧٩ی زایینی بەدوابە ورمێ ناو برایەوە. **سەرچاوە:** ئامارنامەی ئوستانی ئازربایجانی غەربی (١٣٧۴ هەتاوی) سازمانی بەرنامە و بودجەی ئازربایجانی غەربی، تاران، ١٣٧٦ هەتاوی، کوری ئەسیر، ئەلکامیل؛ ئیبنی حەوقەل، محەمەد سورە تولئەرز، بەکۆششی دخۆیە، لیدەن، ١٩٣٩ ز، ئیبنی خوردادبیە عوبەیدیلا، مەسالیک و مەمالیک بەکۆششی دخۆیە، لیدەن ١٨٨٩ ز، ئیبنی فەقیە ئەحمەد، کورت کراوەی کتێبی بولدان، لیدەن ١٣٠٢ مانگی، ئەبو عەلی مەسکویە، ئەحمەد، تەجاروبولئومەم، قاهیرە، ١٣٣٣ مانگی و ١٩١٥ ز، ئەبولفیدا، تەقومولبودان، بەکۆششی رنوودوسلان،

Dr.Saleh Ebrahimi



پاریس، ۱۸۴۰ز؛ ئیسکەندەربێگ مونشی، عالەمارای عەبباسی، تاران، ۱۳۵۰ هەتاوی؛ ئیستەخری، ئیبراهیم مەسالیلولمەمالیك، بەکۆششی دخۆیە، لیدەن ۱۹۲۷ ز، ئەولیاچەلەبی محەمەد، سەیاحەت‌نامە، ئەستەمبوڵ ۱۳۱۴ مانگی، بلازەری، ئەحمەد فتوحولبولدان، بەکوششی عەبدولقادر ئەئیسوتیباع، بیروت، ۱۴۰۷ز؛ بونداری ئیسفەهانی، فەتح، زوبدەتو نوسرەت، کورتەی تاریخی ئالی سەلجوقی عیمادەدین کاتیب، بەکۆششی هوشما، لیدەن، ۱۸۸۹ ز؛ پورداود، ئیبراهیم، ئەدبییات مەزدی یەسنا، بۆمبەیی، ۱۹۲۸ز؛ جەعفەری، عەبباس چۆمەکان و چۆمنامەی ئێران، تاران، ۱۳۷۶، هەرئەو، کێوەکان وکێونامەکانی ئێران، تاران، ۱۳٦۸، جووەینی، عەتا مەلیك تاریخی جیهانگوشای، بەکۆششی محەمەد قەزوێنی، لیدەن، ۱۳۳۴ مانگی و ۱۹۱٦ ز؛ خوری، سەلیم جوبرەئیل و نوسەرانی‌تر، ئاسارولئەدهار، بیرۆت، ۱۲۹۱ مانگی و ۱۸۷۵ ز؛ دیهقان عەلی سەرزەوی زەردەشت تاران ۱۳۴۸؛ دیاکۆنۆف. ا. م. تاریخی ماد، تەرجەمەی کەریم کەشاوەرز، تاران، ۱۳۴۵؛ راوەندی محەمەد راحەتو سدور، بە کۆششی محەمەد ئیقبال، تاران، ۱۳۳۳؛ ڕێنومای شارستانەکانی ئێران، بەکۆششی ئیبراهیم ئیسلاح عەربانی تاران، ۱۳۴۵؛ رەشیدەدین فەزلوللا، جامیعی تەواریخ بە کۆششی بەهەمن کەریمی تاران، ۱۳٦۲؛ سەر ژماری عوم‌ومی نفوس و مەسکەن ۱۳٦۵، نەتایجی تەفسیلی شارستانی ورمێ، ناوەندی ئاماری ئێران، تاران ۱۳٦۸ هەرئەوێ ۱۳۴۵، نەتایجی، ئوستانی ئازربایجانی غەربی، ناوەندی ئاماری ئێران تاران ۱۳۷٦، هەرئەوێ، ۱۳۷۵ نەتایجی تەفسیلی، شارستانی ورمێ، ناوەندی ئاماری ئێران ۱۳۷٦؛ عەهدی عەتیق، فەرهەنگی جوغرافیایی ئاوە دانیەکانی ئێران، سازمانی جوغرافیایی سپای چەکدار، تاران، ۱۳۷٦، فەرهەنگی جوغرافیایی ئێران (ئاوایەکان)، ئوستان ۴۰۳ ئازربایجان، دایرەی جوغرافیایی ستادی ئەرتەش، تاران، ۱۳۳۰؛ کیسرەوی، ئەحمەد، تاریخی هەژدە ساڵەی ئازربایجان، تاران ۱۳۵۷؛ هەرئەو

Dr.Saleh Ebrahimi



شاریارانی گوم نیوّ، تاران، ١٣٥٥؛ کەیهان، مەسعود، جوغرافیای موفەسەلی ئێران، تاران ١٣١٠، گیرشمێن، ئێران لە سەرەتاوە تا ئیسلام تەرجەمەی محەمەد موعین، تاران، ١٣٣٦، مورگان، ژاک، ئێران، موتالەعاتی جوغرافیایی، تەرجەمەی کازم وەدیعی، تەوریز، ١٣٣٩؛ مەشکوّر، محەمەد جەواد، جوغرافیای تاریخی ئێرانی باستان، تاران، ١٣٧١، هەرئەو، نەزەرێ بە مێژوی ئازربایجان و ئاسەواری کەوناراو باستانی و حەشمیەت ناسی ئەو، تاران ١٣٤٩؛ مینورسکی و...تاریخی تەوریز، تەرجەمەی عەبدولعەلی کارنگ، تاران، ١٣٣٧؛ نسوی، محەمەد، سیرەتی جەلالەدین مینکبرنی بە کوّششی موجتەبامینەوی، تاران، نەفیسی سەعید، تاریخی کوّمەلأیەتی ئێران، تاران ١٣٦١؛ نە هچیری، عەبدولحوسێن، جوغرافیای تاریخی شارەکان، تاران، ١٣٧٠؛ یاقوت بولدان؛ هەروا:

Eli; Le Strange, G., the Londs of the Eastern caliphate, cambr dge, 1966; Piotrovskil, B. B, Vanskoe tsarstvo (urartu), mosecow, 1959.

عینایەتوللا رەزا، دایرەتولمەعارفی بوزرگی ئیسلامی ج ١٠ پەرەی ٤٢٧ تا ٤٢٤ چاپی ١٣٨٠ هەتاوی، تاران (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# وردبونەوەیەک

ئۆل و ئاینی یارسان یەکێ لە دینە کۆن و کەوناراکانی کوردستانە، یارسان بەنێوی ئەهلی حەق، ئەهلی سیڕ، ئەهلی تایفە، تایفەسان، و... ناو دەبردرێ. مەسەلەگی یارسان کۆمایەکە، لە بیروڕاو ئەقیدەێ تایبەت، کە لەبن شوێن وەرگرتن لە بیروباوەڕی زەردەشتی مەسیحی، مانەوی و... یە، مینۆرسکی لەم بابەتەوە بیروڕای وایە: ئۆل و ڕێبازی ئەهلی حەق لەسەر بناغەی ئەقیدەی غولات دامەزراوە و لەتەک بیروڕای تەناسوخ و سۆفیگەری تێکەڵ بووە و بەوێنەی ئۆلێ تایبەت سەری هەڵداوە. لەم ئایینەدا سێ ئەسڵ لەبەر چاوگیردراوە: «بیر و هزری چاک، وتاری چاک و کار و کردەوەی چاک» کە ئوگر بوون و بە ڕێوە بردنی ئەم سێ دەستورە لەسەر پەیرەوانی یارسان واجب و پێویستە و ئەم ئەسڵەش لە «کەلام»ی «سەرئەنجام»دا کە کتێبی مدفەرکی ئەوانە و بە زمانی کوردی زاراوەی گۆرانی و هەورامانییە ئاوەهای راگەیاندوە: یاری چوارچێوەی باوەڕی وەجا / پاکی و راستی شیتی وەردا. /

لە زاراوەی یارسان مەبەست لە واژەی «یاری» باوەڕداربوون بە مەسەلەکی ئەهلی حەق بە ئەرکان و بنچینەی دینداری و بەشداری کردن لە زیکری جەلی لەنێو کۆڕی ئەهلی حەقدایە. لە تایبەتمەندیەکانی ئوسولی ئەهلی حەق، مەرج و ئیقرار و باوەرە بە وجودگەلێ پیرۆز و بەودم، وەک: حەوت تەن، حەوت وان، چل تەن و... شتێ کە ئەمرۆکە لە گۆشە و کەناری کوردستان، لەنێو موسڵمانانی شافیعی مەزهەبیشدا ماوەتەوە کە هەندێ شوێن وەک مزگەوتی عەبدوڵلابن عومەر، کە لەبەرا ئاتەشگای زەردەشتیان بووەو هەندێ لە شوێنە پیرۆزەکان بە «حەوتەوانە» نێو دەبردرێن.

یارسان کتێبی پیرۆزیان هەیە بەنێوی: «کەلامی سەرئەنجام»، «کەلامی خەزانە» ناودارە و هەروەک سرودەکانی «ئاوێستا» بە نەزم و هۆنەیەو بە زاراوەی کۆنی گۆرانی و هەورامانییە،کە بوتە زمانی سرودی ئۆل و نیاز،بۆ ئەوان، دەق و نەزم و نەسری دینی

Dr.Saleh Ebrahimi



گرینگترینی ئەوان دەفتر و کەلام گەلی ئەهلی حەقەکە بە شێوەی مەسنەوی دەسیلابی، سریچکا، بین ـ ە. کە ئەو ئاسەوار و شوێنەوارە پیرۆزترین کتێبی دینی کوردانی ئەهلی حەقەو واتاکانیشی بریتین لە راز و رەمز و ئیشارەی دینی و شەهادەتی «دون بە دون» ی پیرانی ئەوانە و زوربەی واتای ئەو دەفتەر و کەلامانەش، بە وینەی رەمز و رازە تەژین لە گرێ پوچکە.

کەلامی سەرئەنجام کۆمایە کە لە کەلامی دەورەی شاخۆشین، بابەناغوت و سوڵتان سەهاک کە کۆنترینی ئەوانە هی سەدەی حەوتەمی مانگین و کەلامی خەزانەش کۆمایە کە لە کەلام گەڵی حەوت تەن کە بە کەلامی «پەردیوەر» و کەلامی [بیابس] یش نێو دەبردرێن و داگری کەلام گەڵی دەورەی سوڵتان سەهاک، هاوچاخی تیمور شەلەیە. یەکێ لە نیشانەی تایبەتی ئەم دینە سمێڵ هێشتنەوەیە کە نابێ بەر سمێڵیان بگرن یا بی‌تاشن و ئەبێ موی سمێڵیان لێوی سەرەوەیان داپۆشێ. ئەوانە سمێڵ بە ناسێنەری مەسلەکی حەقیقەت و بە نیشانەی ناسین و بە زاراوەی تازەی نیوخۆ «پاگون دینی» دەزانن و باوەڕیان وایە کە شای خۆشەویست: عەلیش سمێڵی نەقرتاندووە و سمێڵ کورت‌کردنەوە بە تاوانێ گەورە دەزانن.

هۆی سەرهەڵدانی ئایینی یارسان لە کوردەواری و لە ئێراندا دوای پەیدابوونی دینی ئیسلام سەرەڕای بیدعەتی دینی، مەبەستێ دیکەیش لە ئارا دابووە و ئەوەیش بوژانەوەی ئایینی کۆنی کوردی بووە، لە کوردستان و لە ئێراندا و هەروا بۆ پاراستنی داب و دەستوری باوباپیران، بەو ڕێبازەدا ڕۆیشتوون و لە هەمان کاتا بۆ بەرخودان و بەرگیری کردن لە هێرشی نامۆ و نگریسەدەس درێژە عەرەبەکانیش بووە.

**ناوەندەکانی ئەهلی حەق:** ناوەندی سەرەکی ئەهلی حەق تا سەدەی حەوتەمی مانگی لە لورستان و لە مەڵبەندی هەوراماندا بووە. جا لە دوای ئەوە قەڵای پالنگان ناوەندی هەورامان کەوتە دەس میرانی ئەردەلان و هۆزی گۆران و کەڵهوڕیان لەو

Dr.Saleh Ebrahimi



شوێنانە راونا، کرماشان بووە ناوەند بۆ ئەهلی حەق کە لەم کات و ساتانەدا و لەم سەردەمەداگشت هۆزی گۆرانی قەڵخانی سنجاوی و بەشێ لە هۆزی گەورەی کەڵهوڕ و زەنگەنە و خێڵی عوسمانوەند، جەلالوەند و لەکستان و هەندێ لە خەڵکی شارەکانی قەسری شیرین و سەرپێل زەهاو، کرند و سەحنە و... لە ئەهلی حەقن. لە لورکانیشدا خەڵکی دلفان و پشتکێف، وە هەروا لە تەوریز و مەراغە، قەزوین، هەشتگرد، تاران، رودهێن، کلاردەشت و... هۆزی کوردی ئاوارەکە ئەهلی حەقەن، لەو شوێنانە زۆرن. هەروا لە شاری سلێمانی، کەرکووک، موسڵ، خانەقین و... وە بەشێ لە کوردەکانی بن‌دەس تورکیە. هەروا ئەهلی حەق لە هێندوستانیشدا هەیە. ئەهلی حەق بە یارسان، یاری، کاکەیی، ئێزەدی و... ناو دەبردێن. بە باوەڕی یارسان، مەسلەکی ئەوان لە روانگەی ئایینی باتنی و دوایین قۆناخ: شەریعەت ـ ە، یانی ئەنجامدانی داب و دەستوری شەریعەت. قۆناخی دوەم: تەریقەت ـ ە. یانی داب و دەستووری ناسەوەری و عیرفان و دەروێشی و سوفیگەری، ببرێ بەرێوە. سێوەم قۆناخ حەقیقەت ـ ە. یانی گەیشتن بە خوا، دەبێ بڵێین: «یەکێ لە بیروڕای ئەهلی حەق، باوەر بە تەناسوخ یا حولولی رۆحە یانی: چوونی رۆح دوای‌مردن لە لەشێکەوە بۆ لەشێ دیکە، کە ئەهلی حەق حولولی رۆح یا حولولی زات بە (دونادون) ناو دەبەن.

سوڵتان سەهاک، بە پەیدا بوونی سوڵتان ئیسحاق لاپەرەیێ تازە و نوێ لە مێژووی ئەهلی حەق هەڵدرایەوە و بە زیادبوونی پەیرەوانی «حەقیقەت» سوڵتان یەک فێرگەی بۆ دانان تا هەموو بە هاودەنگی لەبن یەک بیرو باوەڕداکۆببنەوەو یەک بگرن و بەو شێوە لە پرش و بڵاوی رزگاری دەکردن. ئەسپاردەی خانەدانەکانی حەقیقەت ئەوەیەکە داب و دەستوری «سەر سپاردن» هەڵبژاردنی پیر و دەلیل و هەروا لەسەریانە کۆڕی کۆبوونەوە (جەمخانە) و سازدانی ئاداب و رسوومی **(رۆژوی سێ رۆژە)** و ئایینی قوربانی و خزمەتکردن (نەزر و نیاز) و دەستور و رێی و رەسمێ کە لە رێبازی سوڵتان

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیسحاق لە سەیدەکانی بەرزنجەی هەورامانەوە، ئەنجام بدرێ کە لەسەر بناغەی ئوسولی حەق و حەقیقەت بە (یاران) راگەیندراوە کە دوای ئەو لە رێگای گەورە گەورەکانی ئەهلی حەق و ئایینی یاراسان، هەر بەو قالب و قاعیدە و زانکۆنەوە تا ئەمرۆ هەروا بەردەوام ماوە و دوانە براوە. شوێنە پیرۆزەکان:گرینگترین و پیرۆزترین، شوێنی ئایینی ئەهلی حەق کە هەمو ساڵێک زیارەتکاران لە دور و نێزیکەوە بۆ ئەوێ دەچن: (زیارتگەی سوڵتان **سەهاک**) لە پاوە **(بابە یادگار)**. **(داود کەوسوار)** لەگوندی **(بان زەردە)**یە. هیوادارین کارناسان و رۆژنامەوانی یارسان رۆژێ بە رێک و پێکی بە خەڵکی بناسێنن تا ئەو دینە کۆنە کوردی‌یە لەوە زیاتر لەبەرچاوی خەڵک دیار بێ و لە چاوبدا.

سەرچاوە: توحفەی ناسری بە سەرەتای دوکتور تەبیبی کرماشانی ئەمیر کە بیر ١٣٦٦. ـ راپەرینی عەلەویانی زاگرۆس ج ١ و ٢ محەمەدعەلی سوڵتانی بلاوکی سەها ١٣٧٦. بە نەقڵ لە حەوتەنامەی ئاسۆ، ژمارەی ٩٢ یەکشەمە ١٢ /٤ /١٣٨٤ پەرەی ـ ١ ـ محەمەد باقرپیری و کتێبی ئایینی یاری کۆکردنەوە و نوسراوی مەجید ئەلقاصی، چاپی پوشپەری ١٣٥٨ی هەتاوی و دەفتەری رموزی یارستان:گەنجینەی سوڵتان سەهاک: «ئەهلی حەق» کۆکردنەوەی سەیید قاسم ئەفزەلی شائیبراهیمی، چاپی ٩/٩ /١٣٥٠ی هەتاوی، تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



# واژەی کوردی

عەرەب کەخاوەنی ئەو زمانە، بەربەرین و هەراوەیە، هەزاران واژەی نامۆی دەناو عەرەبی ئاخنیوە، ئەگەر زانایانی عەرەبی نەیان و تبا، کەس ئەو جۆرە واژانەی کە تەنانەت کوردین و ئاخنراونەتە، نێو عەرەبی، نە دەناسرا نەوە. دەی بائێمەی کوردیش، لەو جۆرە، واژانە بۆپتەو راگرتنی سەر بەخۆیی زمانی کوردی لانی کەم ئەو جۆرە واژانەی کە بۆرە پیاو، نە خوێندەوار، کە تییّ دەگەن، هەروەک: دوکان، قەڵەم، خەت و خاڵ، خەیاڵ، ماڵ، ئیش، کشمیش، صەدەقە و خێر، صندوق، نەغد، وەفا، دوڵمە، شێخ و زەکات، تەسبیح (سبحە) خودبە، مێزەر، شەربەت، قەسساب، بەقاڵ، چەرچی و... ئەگەرچی با پیرەی هەزار ساڵ لەمەو بەریشیان نامۆبێ، ناشێ لە نێو زمانی کوردی دەریان هاوێژین، بارەسەنیشیان عارەبی، نەبێ، تورکی بێ، با فارسی نەبن، روسی بن، ئەوە، تازە ئەو جۆرە واژانە، بونەتە کوردی و ماڵی حەلاڵی خۆمانن و خزمەتکاری زمانی کوردین و ئەرکیشیان، لە سەرمان نیە. کورد فەرمویەتی: نۆکەری، بێ خەڵات و بەرات تانجی سەری ئاغایەتی. نالی، حەکیم ئەحمەدخانی، مەلا پەرێشانی لوڕ، حەکیم مەولەوی کورد، عارەفی رەببانی حاجی خەلیفە مەلا محەمەدا (بەها) ئەمین حوزوری مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین - میرزا شەفیع کێمنەیی، وەفایی مەلا حەق عەلی محەمەد - ی سیاپۆش کە فەرهەنگی کوردی و فارسی بە زاراوەی لەکی، داناوە، لەنێوان ساڵانی ١٣٢٣ و ١٣٢٧ مانگی وەفاتی کردوەو لە هۆزی سیاپۆشی ئەلە شتەرلە زنجیرەی لورستان و لە سیاپۆشەکانی شاری دز فولە و هەروەک ئەوەی هاو رۆژگاری عەللامە ئۆدیی مارف بەرزنجی، بێ وایە. - زانای دڵسۆزی زمان لەکی پرزانا: سیاپوش دەڵێ (ئەی ئەوکەسەی کیشت فارسیە زمانی لەکی فێربە و بیخوێنە (بخان پارسی کیش، لەکی دەر خورەست). عارفی رەببانی مەلا ئەحمەد - ی جزیری، فیدایی، ناری، میرنە و رۆزی لورستانی، مەلا مەنوچیهری کولیوەند، خانای

Dr.Saleh Ebrahimi



قوبادی، مەحوی، موختار بەگی جاف، بێخود، تاهربەگ، بێکەس، مەلاّ روستەی ئیلامی، کۆماسی، بێسارانی، میرزا ئەولّ قادر پاوەیی، سەی صالّح ماهی دەشتی، صەیدی هەورامانی، حاجی قادر کۆیێ، شامی، سیف‌القضات و عەلی تەرەماخی، فەقێ تەیران، مەلای باتە و... چاکەی پڕفرەیان بەسەر کوردەوە هەیە، چونکافرە واژەی فارسی و عارەبیان هێناوەتە ناو شیعری کوردی خوێان و وایشیان، دەگەلّ کوردی یەکە، پیلۆز کردون، کە تازە هەلّنا وێرێن و بەو کارە چاکەی خوێان زمانی کوردی خوێان، دەولّە مەندتر و بە پێزتر کردوە، ئەو، واژە فارسی و عارەبیانەی خوازراون و راگوێزراو نەتە، نێوزمانی کوردی، خزمەت بە کورد، دەکەن و خزمەتکاری، بێ موچەومز، خێری خوایە، ئەوانیش بۆ نمونە **(سەعدی و حافز) و عارەبیش واژەی کوردیان فرە بردۆتە** نێوخوێان، دنیا دەسەوامە، **واژەی عارەبی کەلە قورئاندا هاتووە و لە بنەرەتاکوردی‌یە. بۆ** نمونە: کهف: کێف: ئەشکەوت.

کهل: کالّ: پیر.

دین: ئایین.

وقت، اوقات: وەخت.

**جناح:** گوناح: تاوان و...

یاوەک نمونەی ئەم واژانە کە عارەب بە کاریان دەبا:

ایضا: ئیدەن

باطیە: بادیە

برغل: ساوار، بەرکولّ.

بزل: بزن.

جزر: گێزەر.

جوخان: جۆخین.

Dr.Saleh Ebrahimi



دغل: دەغەڵ.

دلق: دە لەک.

سرجین: سەرگین.

سندان: دە سگای ئاسنگەری

سیخ: زەرگ.

شواظ:گڕ، سۆز، شەوات.

صابون: سابون: ئەسپۆن.

فیشفاروج: پێشپارو.

قن: کولانە:کون و...

دیارە زمانی کوردی زمانێکە لە باری عیلمەوە، زنیدوە، چونکا موشتەقاتی هەیە. (بڕوانە دایرەتولمەعاریفی فەریدوەجدی لەباسی زماندا). وەک نوسین: نوسراوە، دەنوسرێ، بنوسە، بە تایبەت کە لە و هەمووە زاراوانە کەڵک وەر دەگرێ و خۆ غەنیو تێرو تە سەل و پاراودەکاو خۆ دەخەملێنێ، ئەوەیە کە باو با پیرانمان فەرمویانە **زمانی کوردی هونەرە** و زمانێ فاخرە و لە بارو رەوان و خونجا وگونجاوە. باش دەتوانێ واژەی بێگانە لە نێو خوێدا بتاوێنێتە وەو هەروەک واژەی خۆماڵی لێ بکاو بە پاڵدان بە تایبەتیە کانی، واژەی خوێی و تەرکیبی تایبەت بە زمانی کوردی، ئاسان **دەتوانێ هەر بەشە لە بە شەکانی زانین و مەعاریفی مرۆڤانی نیشان بداو بە وردی بەیانی بکا، زمانی کوردی زمانی شیعر و هۆنە و فەلسەفە و زانین و هونەرە. زمانی کوردی چۆمە ئاوێکی پڕبەرەکەت و تەژی یە لەگەنجینە یەکی گەورە و بایەخداری میرات وکەلە پوری فەرهەنگی کورد و نەتەوەی کورد، زمان و بۆگەلانی دیکەیش بەدیهاتویەکی گەورەو پڕشان و شکۆیە، زمانی کوردی دارای واژەی زۆر و پەرەدار و لە بارو لە سەر زارخوش و رەوان و شرین وئیسک سوکە و ئاهەنگی دڵ و دەرون لاوێنی هەیە، فرەلەگۆی** خۆشە و

Dr.Saleh Ebrahimi



جوان گۆی دەلاویێتەوە: زمانی کوردی ڕەمزی هەویەی نەتەوەی و **نیشتمانی کوردە و حیکمەتی گەورە و بێ وێنەیە.** لە کتێبی فارسی ئێرانیدا نوسراوە: موشیر دەولە، لە پەرەی ٥٧. زمانی ماد زمانێکە، کە کوردانی ئێستا قسەی پێ دەکەن، چا هەر بۆیێ **دەڵێن: کورد، لەریشەورە گاژۆی مادە،** کە لە سەدەی ٧ ی بەر لە زایین، دەسەڵاتی ئیمپەراتوری مادەکان، لە بوخاراوە تا ڕۆژ هەڵاتی چەمی قزل ئیرماق، هەروەها لە دەریای قەزوێن: بەحری خەزەر و لە بەشی باکور تا خلیجی ئێرانیان، لە بەشی باشور ـ ەوە **ئیمپەراتوری مادیگەورە** کە لە تاریخی ٥٥٠ بەر لەزایین، کە ئاخرین پاشای ماد (ئیستاع ئیخۆ ویگۆ) بوو بە دەسی کورش: کوڕی ڕۆژ شاهەنشای هەخامەنشی، تێشکا، گزنفۆن تاریفی کار دۆخیانی کورد، دەکا و نوسیویەتی: سەر زەوی‌یان و بەرینی ئەوان تاجزیر و بۆتان درێژەی هەیە و ئەوکوردانە فرە ئازا و چالاک و بوێرو نەترسن، ئەونە دلێرن، سەریان لەبەر پاشای پارس و ئەرمەنی، کز نەکردوە و لە (٤٠١) سپای یونانی لەدەر بەندی بازیان و چەمچەماڵ و سلێمانی، کەوتە بەر ئابلۆقە و پەلاماری ئەوکوردانەوە **٥**.

وولّ: گول، دیم: لە دیمە شۆڕەدا ماوەتە، دیم: دەم و چاو، ڕومەت. بڕوانە ناوەندی موتالەعات و تەحقیقاتی میللی وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان، ئێران لە بابەت ئازربایجان وەبێ تاریخ کە ئەو جزوە لەرەدی شۆڕەوی پێشودا نوسراوە کە ئازربایجانی ئێران لە هی شۆڕەوی جیایە و شۆڕەوی ناتوانێ ئازربایجانی ئێران بلکێنێ بە ئازربایجانی شۆڕەوی یەوە و کتێبی زانایانی کورد، ج ٢ پەڕەی ١١٦ چاپی ١٣٧٩ بە قەڵەمی (شەپۆل) وگۆڤاری ویرا ژمارەی ٢ و ١ ساڵی یەکەم چاپی ١٣٨١ گاهنامەی فەرهەنگی، ئیجتماعی، ئەدەبی پەرەی ٨ بە قەڵەمی (شەپۆل).

یا قەتران تەوریزی، زەهیرەدین فاریابی، یا ئاوی (شاگۆلی) تەوزیر یانی گۆلاوی گەورە و پڕئاو یا (گۆلی‌شا) یاگلکۆ و بورجگەلی بە ناوبانگی مەراغە، وەک: بورجی کەبود گومەزەسور، گومەزی غەفاریە، بازاری سەر بۆشراوی تەوریز، سەیرانگەی ئال

Dr.Saleh Ebrahimi



گوڵی،گوندی کەندوان، ئەشتەبین مەدفەنی خواناسی ناودار شیخ ئەبولقاسم نەباتی کورد، لیقوان،گوندی قەراداغ و داوێنەی چیای سەهەند و سەبەلان، یا جەنگەلی پڕدار و درختی ئەرسباران، بڕوانە هاوشاری بە فارسی شەمە ٥ خەرمانانی ١٣٧٩ و ٢٥ جومادای ١٤٢١ و ٢٦ ئوگۆستی ٢٠٠٠ی زاینی، ساڵی ٨ ژمارەی ٢٢٠٢ بە قەڵەمی محەمەد رەزا عەزیرپور (شەپۆل).

## كردستان الشرقية (ايران) .. ترجمة تفسير القرآن الكريم بالكردية



لأول مرة في كردستان ايران قام البروفيسور - محمد صالح ابراهيمي (وهواستاذ جامعي) بتفسير القرآن الكريم باللغة الكردية كما راجع التفسير مجموعة من علماء كردستان وقد ساعدت وزارة الثقافة والارشاد الايرانية على طبع هذا التفسير.

ويعتبر عمل الدكتور ابراهيمي رافداً جديداً للغة الكردية التي لا تدرس في كردستان ومصدراً لأبناء كردستان المحرومين من المصادر والكتب الكردية إلاّ ما ندر.

Dr.Saleh Ebrahimi



# بیروڕای تەفسیرزانانی قورئان

ئەبوحەفس عومەر بن عەلیبن عادڵ حەنبەڵی دیمەشقی کە لە ٨٨٠ مانگی بە دوامردوە. لە تەفسیری ١٨ بەرگی خوێدا بەناوی لوباب لە عولومی کتێبدا، وتویەتی: موجاهید **لەئیبنی عومەری بیستووەکە مرۆیێ لەکورد ـ ی** فارس ئاماژەی بە سوتاندنی ئیبراهیم کردوە. ئیبین عادلیش بە نەقڵ لە ئیبی جەریح ناوی ئەو مرویەی بە ٢ جۆر (هرین و هنرین) نوسیوەو بە یەکەم کەسی زانیوە کە مەنجەنیقی سازداوە. ئیبنی عادڵ نمرود بە شای سائیبین و بە خەڵکی بابیل: خاکی کوفە یاکێوێ بەناوی سەرکەشتی لە نەهاوەند (: نوحاوەند) داناوە ـ بڕوانە بەرگی ٤ پەڕەی ١٣٧ تا ١٣٥ کتێبی کۆمەڵە و تاریێ وارگەو زانایانی کورد (شەپۆل) ـ و خاوەنی ئەم تەفسیرە، لە بابەت ئازەرەوە (اذ قال ابراهیم لأبیه آزر ـ ئایەتی ٧٤ سورەی ئەنعام) وتویەتی: (: ئازەر وەزیری نمرود بووە (بەرگی ١١ پەڕەی ١ ٥٠). قورتوبی ئەندەلوسی: عەبدوڵلا محەمەدبن ئەحمەد ـ ی ئەنصاری کە لە ٦٧١ مانگی مردوە، لە تەفسیری ٢٠ بەرگی خوێدا، بەناوی جامێعی بۆ ئەحکامی قورئان، دەڵێ: (روی ان قائل هذه المقالة هو **رجل من الاکراد** من اعراب فارس ئەی من بادیتها و هەروا رای گەیاندوە کە ئیبنی عومەر و موجاهید و ئیبنی جەریح ناوەکەیان بە (هیزری) ناو بردوەو بە مەنجەنیق سازدانی زانیوە (قورتوبی بەرگی ١١ پەڕەی ١٣٨). قورتوبی دەڵێ (ئازەر باوك یا مام و ئاپی) ئیبراهیم بووە و (پییێ) بۆتە (بێ) و ئازەری بە (بوت) واتاکردوەو ناوی باوکی (تاروخ) بووە. (بڕوانە بەرگی ٧ پەڕەی ١٠). شەمسەدین محەمەدبن ئەحمەد شێربێنی ناودار بە خەتیبی شێربێنی کە لە ٩٧٧ مانگی وەفاتی کردوە، لە تەفسیری سیراجی مونیر ـ ی خویدا، نەخش و **ڕۆڵی کوردانی نیشان** داوە و دەڵێ: (**هذا رجل من الاکرادی** و تویانە ناوی (هینون) ە ـ بڕوانە بەرگی ٤ پەڕەی ١٨٤. خەتیبی شێربێنی هیجرەتی ئیبراهیمی لە **کۆیی** بۆ حەران، زانیوە (بەرگی ٥ پەڕەی ٧٣) نوسەر هەروا، ئیبراهیم ـ ی بەخەڵکی شوشی ئەهواز، داناوەو

Dr.Saleh Ebrahimi



لەگەڵ باوکیدا لە شوشەوە چوونەتە بابیل (بەرگی ١ پەڕەی ١٢٠)، ئیبراهیم (: بلە)ی بەواژەیێ **کوردی** فارسی داناوە. عەبدورەحمان بن محەمەدبن مەخلوف ئەبی زەید سەعالیبی (٧٨٦ - ٨٧٥ مانگی) لە کتێبی جەواهیر - ی حیسان - ی خویدا، لە پەڕەی ٩٢ دا، ئەو **پیاوەی بە کورد، زانیوە**، بەڵام ناوی نەبردوە. بەغەویش لە تەفسیری لیبابو تەئویل لە نیشانەکانی تەنزیل‌دا لە رافەی ئایەتی ٦٨ سورەی ئەنبیا بەریوایەتی ئیبنی عومەر، بەڵگەی هاوردوە و رایگەندوە: کە ئەو **پیاوەکورد**، بووەو ناویشی (هیزن) بووە و تەفسیرەکانیش ئەو شوێنەیان بە **(کۆیێ)** داناوە. ئەبوحەسەن عەلی بن محەمەد بن ئیبراهیم بن عومەر شێخی خازین لە لوبابی تەئویلدا لە بەرگی ٥ پەڕەی ٣٤ دا، دەڵێ **(هذا رجل من الاکراد** قیل اسمه (هیزن)، لە تەیسیرو لەتیفی مەنان نوسراوە، ئەو رەحمان بن ناسر سەعدیش **بە ناوی کۆیێ** ئاماژەکریاوە و لە ئەزوائی بەیان لە ئیزاحی قورئان بە قورئاندا، وتراوە پیاوێ لە عەرەبی فارسی کە **مەبەست لەوەکورد**، بووە (بەرگی ٤ پەڕەی ٣١٣) کە هەندێ ئەوکوردەیان، بە نمرود و هەندێکیش بە **کوردێ بەناوی هیزان**، ناو بردوە (تەفسیر موقحەماتی ئەقران لە موبهماتی قورئاندا) و نوسەری جامیعی ئەحکامی قورئان، **کوردانی** عەرەبی فارسی و خودی هیزان بە ناوی کەسانێ کە دەسیان لە کاری ئاگرەکەدا هەبووە، باسی لێکردون و خێوی تەفسیری کەششاف نوسیویەتی مەبەست لە پیاوێ لە ئەعرابی **عەجەم،کوردە و** بێژاویش کەخۆی **لەکوردانی ناوچەی** فارسە، فەرمویەتی: مەبەست لە (رجل من اکراد فارس (: هیون)ەو ناوی هیون بووە (بەرگی ٢ پەرەی ١٩٥). لە تەفسیری بە حری موحیت دا، نوسراوە ئەوەی ئیشارەی سوتاندنی ئیبراهیم کردوە (نمرود) بووە و کوڕی عەتیەیش نوسیویەتی: **پیاوێ لە کوردانی**، عەرەبی فارس و خەڵکی بیاوان بووە (بەرگی ٥ پەڕەی ٢٣٩) و شیخ محەمەد نەوەوی لە تەفسیری راح لەبید، بە نمرود - ی کوری کەنعان یا مرۆیێ **لەکوردانی** فارس کە ناوی (هینون) بووە، یادی لێکردون.

تەبەری روداوی سوتاندنی ئیبراهیم بە ئاگر بە ساڵی ١٤٧٠ی دوای تۆف و توفانی

Dr.Saleh Ebrahimi



نوح و ٤٣٠٠ دوای هاتنە دنیای بابە ئادەم، داناوە (بەرگی ١ پەڕەی ٣٠. کتیبی میژوی ئومەم و ملوك، باو باپیرانی ئیبراهیم نەسل بە نەسل دەگەیێنێتەوە، سەر نوح بە مجۆرە: ئیبراهیم بن تاروخ بن ناحوربن ساروغ بن راغوبن فالیغ بن عابیربن شایح بن ئەرفخشد بن سام بن نوح و نوسەری تەجریر و تەنویر، دەورەی گوڵ کردنی بابیل و دەورەی پاشایی نمرودی بە ٣٧٥٥ بەرلە زایین، داناوە (بەرگی ٢ پەڕەی ٣٦٩) وە قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا ئەوەی بە ٢٣٦ ساڵ دوای توّفانی نوح و ٣٣٣٠ ساڵ دوای خیلقەتی بابە ئادەم، داناوە و تەنانەت لای وایە کە نمرود لە **خاکی کوردەواریدا** بووە (بڕوانە بەرگی ٧ پەڕەی ١٠ و بەرگی ٢ پەڕەی ٢٤ قورتوبی) ئەو قسانەو قسەی **میهرپەرستی لە کوردەواریدا**، ئەوە دەسە لمێنێ کەدین و دین باوەری وژیار و تەمەدون لە زاگرۆس: لە کوردەواریدا فرە کەون وکەو نارایە، هەرئەوەیشە کە سەلماوە کە **نەتەوەی زیرەکی کورد، گەنمی دۆزیوە تەوە.**

تەفسیرزانان نوسیویانە: لە کلدە، هاران: حەڕان و کەنعان و... خەڵك لەو ناوە ناوەدا خەریکی ئەستێرە وگۆ پەرستی ئاسمان و حەوا بون، کلدە بەوە ناودارە کە زانستی ئیسترانومی لەوێ سەری هەڵداوە، کە زانایانێ فرە لەوێ لەوزانینەداگولیان کردوە، بۆیێە دیسانیان و دەسەیێ تریش تا دەورەی **پاشایانی ساسانی کورد**، هەبون و خوێیان نیشان داوە کە هەمویان بڕوایان بە پەرستنی ئەستیرە و رۆژوگۆی حەوایە کانی ئاسمان هەبووە، رەگاژوی کۆن وکەو نارای ئەو بیروباوەڕە، هێمان لە نێو هۆنەودەقی زمانی کوردی و فارسی و فۆلکلۆر و داب و دەستوری خەڵکی رەمەکیدا، هەروا ماوەوباوە. لە باکوری غەرەب و غەربی نێو دوروان: (بەینە نەهرەین) لەوە پتر باو بووە و شاری دیمەشقی شامیان لە سەر ئەو بیرورایە، ساز داوەو بە سەر هەریە کە، لەدە روازەی شار، وێنەیێ فرەلە ٧ ستارە وگۆی حەوای ئاسمان، نەخشێنرابوون.

کوری عەساکیر لەو سەردەمەدا، چەن مەبەستێکی لە بابەت شاری دیمەشق و هەروا لەبارەی لە دایك بونی حەزرەتی ئیبراهیم لەگوندی (بەرزە) نوسیوەو رایگەیاندوە، لەو

Dr.Saleh Ebrahimi



سەردەمەی کە خەڵکی لەو ناوچانە خەریکی ئەستێرە و مانگ‌و ڕۆژ پەرستن بـوون، ئیبراهیم لە (ئەمیلە) لە دایک بووە وکوری کەسیریش قسەی لەوانەکردوەو ئەو دەورە، دەورەی میهر: **میترا پەرستی بووە**، کە لە **سەردەمی ماد و بەرلە مادیش لەکوردەواری** و ئێرانی کەونارادا، میترا پەرستی ڕۆژ باوبووە. بە قسەی (ئەنست ڕێنان) دیـن و ئـایینێ ئەگەر مەسیحیەت بەری نەگرتبا، فرە بە پەلە و بەلەز دنیای دادەگرت. لە دایک بوونی ئیبراهیم چلە (بەرزە یا لە ئور: ئاور) بوبێ، ئەو لەسەر زەوی و ئاخێ لە دایک بووگە،کە خەڵکی خەریکی میهر: **میترا پەرستی بون**. دیارە ئیبراهیم لە بـەینە نـەهرەین لە دایک بووە، چونکا ئەوێ شوێنێ بووە، پڕوتەژی لە ئەستیرە پەرستان و موعەبیران و خەڵکی کە، بۆڕۆژ و مانگ‌و ئەستێرەو میهر میترا و خودایانێ‌تر عیبادەتیان کردوە و کڕنوشیان بردوە. جێی ورد بونەوەیە **(بەرزە) یا سـەر زەوی بـەرزە** کـەلە مێـروی کۆندا، یـادی لێکراوە، (تئوفیلاکتوس سیوکا) کە لە سەردەمی سپاکێشی (موریسیوس) لە ساڵەکانی ٥٨٢ ـ ٦٠٤ زاینی، لەکاتی قسەکردن لە ڕێ‌وبانی **(دینەوەر)** بۆ سەرمەراغە، یـادی (بەرزە)ی کردوە، کە لە شوێنی ئێستای **(بانە) یا سەقز**، دەچێ. بڕوانـنە ژمـارەی ٣٨٨ حەوتەنامەی سیروان ساڵی ٨ڕوژی ١٠ی پوشپەری ١٣٨٥ هەتاوی پەرەی ١٥ بەرێز کامل سەفەریان.

زۆر بەی تەفسیرزانان و تەفسیر نوسان بیروبڕوایان وایە کە ئەم ئایەتە:(.. الی قَوْمٍ اُولی بَأْسٍ شدید ـ ئایەتی ١٦ سورەی فەتح) لە پەسن و تاریفی ئازایی و نەبەزی‌و **بوێـری نەتەوەی‌کورد، نازڵ بووە.** بۆوێنە: تـەفسیری ڕوحـولمەعانی نـوسراوی پڕزانـا سـەیید مـەحمود ئـالوسی بـەرگی ٢٥ چـاپی ١٩٨٥ ز ـ چـاپی ٤ پـەڕەی ١٠٤ تـا ١٠٢ فەرمویەتی مەبەست لەو ئایەتە، نەتەوەی کوردە، کەبوێرو نەترس و ئازاو کۆڵنەدەرەو هەروا لەبن ئایەتەکەدا نوسیویەتی (و بالجملة اِنّ الأکرادَ مشهورٌ بالْبأْسِ الشـدید...) و تەفسیری ئیبن کەسیر لە پێغەمبەرەوە، نەقڵی کردوە کە فەرمویەتی: «مەبەست لەو ئایەتە هۆزی کاڵەموبین ـ ە کە بە (: بەرەز، باریز، بارزانی، بارزان، یا جەبەل باریز، بـارجـانی

Dr.Saleh Ebrahimi



بارزانی، بارجان، بارجانی ناوبراوە - بڕواننە بەرگی ٤ تەفسیری ئیبن کەسیر پەڕەی ٣٠٧ وکتێبی دانشنامەی جیهانی ئیسلام پیتی بێ جزوی ٢ چاپی ١٣٧١ تاران پەڕەی ٢٢٥ وکارنامەی ئەردەشیر بابەکان وکیسرەوی پەڕەی ٤٩ و صادق هیدایەت پەڕەی ٢٥ تا ٢٤ و کتێبی بە یانولئە ئیمە بەرگی - ١ - پەڕەی ٨٩ نوسراوی زینەلعابیدین محەمەد مەهدی. ئیبن مونزیرو موعجەم سەغیرو موعجەم کەبیر تەبەرانی و موسنەد - ی سەغیر - ی تەبەرانی و قاموس و دورەری مەنسور و... دەڵین: ئایەتی ١٦ سورەی فەتح لە پەسنی نەتەوەی کورد، دایەو رایان گەیاندوە کە مەبەست لە (ئەلبارز) بارزانی - یەیانی کوردان و کوردانی عەجەم و ئەعرابی فارسە یعنی الاکراد و اکراد العجم واعراب القارس و ظاهر العطف ان اکراد العجم لیسوا من اعراب فارس و ظاهر اضافة الاکراد الی العجم يُشْعِرْ بانَّ مِنَ الاکراد مايُقال لهم الاکراد العرب و لا نعرف هذا التقسيم و انما نعرف جيلا من الناس يقال لهم الاکراد من غير اضافة الی عرب اوعجم و ئیبن خلکان نوسیویەتی: انّ الاکراد من نسل عمروبن مزيقابن عامر ماءالسماء و انهم وقعوا علی ارض العجم فسّموا الاکراد و قال الشاعر: لعمرك ما الاکراد ابناءَ فارس / و لکنّه كُرد بن عمرو بن عامر.

لە قاموسا و تراوە: کوردخێڵ و تایفەیێکن لە بەرەی مرۆ و کۆی کورد، ئەکراد - ە و با پیرەگەورەیان کوردە و عامیربە بیرورای زۆربەی نوسەران کوری شالح بن ئەرفخشذبن سام بن نوح - ە و تەبەرانی لە موسنەدی کەبیر و سەغیردا، لە **جابانی کوردی و** ئەبو بەسیر مەیمون **بن جابانی کوردی** حەدیس و فەرمودەی نەقڵ کردوە. بەراستی کورد، نەخشێ گرینگ و بەرچاویان هەبووە و هەیە لە خزمەت کردن بە زمان و فەرهەنگ و قورئان و ژیار و تەمەدونی ئیسلام، ئەوەیە، دەبێ بڵێین: ئیسلام قەرز دارومەر هونی کوردە. کەئیبن خەلدون نوسیویەتی: «چوار کتێب بۆزانینە کانی ئیسلامی و قورئان، سەرچاوەن کە (نوادر یا الامالی و ادب الکاتب) نوسراوی ئیسماعیل قالی دیار بەکری کورد و ئیبن قوتەیبەی کوردی لای کرماشانە (بڕواننە پەڕەی ١١٧٥ بەرگی **٢ بەرکولی کوری خەلدون** چاپی

Dr.Saleh Ebrahimi



١٣٦٢ تاران تەرجەمە بە فارسی و تاریخی علومی ئیسلامی نوسراوی دوکتور جەلال هومایی ئوستادی زانکۆی تاران پەڕەی ١٥٣ چاپی ١٣٦٦ تاران کە (شەپۆل) ئەمەی د جەلال هومای لە زانکۆی تاران بە زانینخوازان، بە دەرس وتوتەوە و هەروا **ئیمام محەمەد غەزالی** فەرمویەتی: «زمان و فەرهەنگی ئیسلامی لەسەر ٤ کۆڵەکە دانراوە کە ٣ لەوانە زانایانی مەڵبەندی ئامێد: دیار بەکرو زانایانی شارەزور و هەڵەبجەیە، هەڵەبجەی سوتا و هیروشیمای کوردستان و زانایانی دینەوەر -ی **لای کرماشان،کەکوردن**، لە پاشان ئمیام غەزالی فەرمویەتی ئەگەر، زانایانی ئەو ٣ ناوچە کوردنشینانە نەبوایێ زمان و فەرهەنگی ئیسلامی ئاوا قەوام و دەوامی نەدەبو و تەفسیری ئیبنی کەسیر هەروا لەبن ئایەی ٦٨ و ٦٩ سورەی تەنبیا کە فەرمویەتی: [... قالوا حَرِّ قُوهُ: یانی خەزرەتی ئیبراهیم بسوتنن... قُلْنا یا نارکونی بَرْداً و سلاماً علی ابراهیم ٦٩ -کوری کەسیر نوسیویەتی: یانی: پیاوێ لە کوردان وتویەتی: ئیبراهیم بسوتێنن و تەفسیری صاوی لەسەر جەلالەین بەرگی ٣ چاپی مەکتەبەی ئیسلامی پەڕەی ٨١ دەڵێ: مەبەست لە(حَرِّقُوهُ...) ئەندامانی هەیئەت رەئیسەی موحاکەمەکارانی ئیبراهیمە، ئیبراهیم بسوتێنن. کە یەکێ لەوانە نمروز، بن کەنعان بن سنجاریب بن نمروز بن کوس -ە کەناوی هینوب و حەزرەتی ئیبراهیم -ی لە ئاوایی کۆیێ بەندوزیندانی کردبوولە دواییدا بە مەنجەنیق ئیبراهیمیان، تورِ هەڵدایە، نێو ئاگرو زۆربەی تەفسیرزانان (واستوت علی الجودی، ئایەتی ٤٠٤ سورەی هود، جودی چیاوکێفی گوتی کوردی یە، کە لە ناوچەی ماردینی کوردستاندایە، کە چیای ئاگرێ یە (بڕوانە ئەعلامی قورئانی دوکتور خەزایلی، موفرەداتی قورئان حمیص، روحولمەعانی، مەجمەعولبەیان، تەفسیری قورتوبی، ئەبولفەتح رازی، تەبەری، محەمەد حوسین مەحمود شیخی هیندو کتیبی دین و ئەدەب بەرگی ٢ پەرەی ١٦٨ تا ١٧٨ بە زمانی کوردی نوسراوی (شەپۆل). تەبەری لە تاریخی ئومەمو سلوکدا و لە جامیعی بەیان، لە تەفسیری قورئاندا، بیروڕای وایە کە رجلٌ من اعراب فارس، **پیاوێ لەکوردەکان بووە** کە ئیبراهیمی خستوتە نێو ئاگرو هەروا، رای گەیاندوە کە ناوی ئەو پیاوە (هیزن)

Dr.Saleh Ebrahimi



بووەو لە**کوردەکان** بووە. (بڕوانە تەفسیر ـ ی جامیعی بەیان... بەرگی ١٢ پەڕەی ١٦٥ هەر ئەوێ و تاریخی ئومەم و ملوك، ئەوەی دوپاتە کردۆتەوە و بە (هیزن) ناوی بردوە (بەرگی ـ ١ ـ پەڕەی ١٦٨ هەرئەوێ). عن ابن عمر (ر) جلُ من اعراب العجم یرید **الاکراد** (بڕوانە تەفسیری کە شاف بەرگی ٢ پەڕەی ٤٩ و تەفسیری ڕۆحی بەیان بەرگی ٥ پەڕەی ٤٩٦، فەرمویانە: (ان الذی اشاره باحراقه رجل من اعراب العجم **یعنی الاکراد**). تەفسیر خازین لەبن ئەو ئایەتەدا بە دوورودرێژی قسەی کردووەو تەفسیری بەیزاویش لە بن ئایەتی (حرقوه...) دانو سیویەتی: پیاویک بوو لە**کوردەکان** و ناوی (هیون) بو (خسف بەالارض و قیل نمروز). کوڕی کەسیر لە قیسەسی ئەنبیا، رای گەیاندوە کە**کوردەکان مەنجەنیقیان سازداوە و ئیبراهیمیان** پیێ فرێدا وەتە نێو ئاگرو ئەو مرۆیەی کە بۆیە کە مجار مەنجەنیقی سازداوە و ئیبراهیمی پیێ خستوّتە، نێو ئاگر، بەبە (هیزن) ناوبراوە. عەبدوللاّبن محەمەد بەغەوی (: فەرا) کە لە ٣١٧ مانگی لە مەروٚ مردوە بە نەقلْ لە کوری عومەر ـ ی خەلیفەی دوەم لەبن ئایەتی (حرقوه) دا و تویەتی (ان الذی قال هذا **رجلٌ من الاکراد و ناوی (هیزن)** ە و هەروا و تویەتی: ئەوکارە ساتەلە (کوێیّ) رویداوە.

ـ لە کتیبی بەیا نولئەئیمە بەرگی ١ پەڕەی ٥٣٥ دا نوسراوە لە خودبەی ئیمام عەلیدا هاتووە: [وارتفع علم العمالیق **فی کوردستان**، و عقدت الرایة لعمالیق الکرد، و ویل لبغدادبین من سیوف الاکراد]، لە کتێبی بەیانی ئەئیمە بەرگی ١ چاپی ١٩٨٨ ز ـ دا لە باسی ناسخ و مەنسوخدا ئەم قسانە هەیە: (فی الاخبار عن الاکراد البارزین: بارزانی و اندرحارهم و ارتفاع علم العلم الاکراد الآخرین قبل قیام... فی کوردستان و محیّدین عەرەبی لە مەنزومە یە کدا فەرمویەتی: **ان الاکراد یملکون البغداد** و ساحتها الی خریسان (قلیسان ـ سلێمانی، سەرچنار شاربان: سەعدیە، خەلێسان: دیالە نێوان خانەقین و مەندەلی و...

کورد: کوردی، کوردستان: تورو دانگین J. C. Thureau Daangin لە سەردوتیکە

Dr.Saleh Ebrahimi



بەردی ئاستانە، لە عەهد ـ ی سومێری لە سالّی ٢٠٠٠ی بەرلەزاین ناوی ولاّتی Kar-da-Kaی خوێندوّتەوە، ئەم مەلّبەندە **جیرانی خەلّکی «سو»** SU دابووە. سو ـ کان بە قسەی دەریوەر Driver لە باشوری **دەریاچەی وان بون**. هەزار سالّ دوای ئەوە (تیکلات پیلسر) دژی هۆزی کورتی Kur-ti-e لە چیاکانی ئازو Azu کە «دەریوەر» ئەوە بە بەشێ لە (ساسون Sasun)ی تازە، دەزانێ، جەنگی کردوە. گزنفون لە کاتی گەرانەوەی دەهەزار سوارەی «یونانی» [ ٤٠١-٤٠٠ بەرلەزاین) ناوی **نەتەوەی کوردی** Karsouxol کە نیشتمانی ئەوان تا خورهەلاّتی کنتریتس (Bohtan) Kentrites دەروّیی ناو بردوە و باسی لە کورد، کردوە. (ئەعلامی فەرهەنگی موعین ج ٦ پەرەی ١٥٥٧ چاپی ٦٢ ئەمیرکەبیر تاران. کورداوا دێیەکە، لە دیهستانی جێی، لە ٧کیلومیتری خورهەلاّتی ئیسفەهان دایە ـ کوردان، گوندێکە لە دیهستانی بەرەغانی کەرەج دایە. کورد خورد، گوندێکە لە ٣٩کیلومیتر شاری مەلایە ردایە. کوردکوی، یەکێ لە بەشەکانی گورکانە لە نێوان بەشی بەندەری گەزوناوەندی گورکان دایە. کوردو: فەرانسەوی: قورتوبە ـ کوردو: گەنزالودو = فەرانسەوی ژەنرالی ئیسپانیایی، کە لە ١٥١٥ی زاینی مردوە.

کوردوبا: قورتوبە ـ کوردوچین، کچێ، کە لە ٧٢٩ی مانگی لە شیراز حاکم بووە و زۆریش کاری ئاوەدانی کردوە ـ کوردون ولاتێکە لە بەشی باکوری کوردستان ـ کوردەمەهین گوندێکە لە ٦کیلومیتری باکوری سەراب دایە. ـ کوردی: زمانی کوردی. کوردیان، یەکێ لە بەشەکانی جەهرومە. کە هۆزی کوردی (شولی) لە لای جەهروم فرەن. ـ کوردیچالّ، کە کوردی زەندن، گوندێکە لە ٦کیلومیتر خۆرهەلاّتی حەسەن کێف ـ کەلاردەشت نەو شاری مازندەران ـ کوردیە. کوردستان: گوندێکە لە ١٢کیلومیتری خۆراوای بیهبەهان کە ٢دێن، کوردستانی سەرو، خوارو، ئاوێکیش کە بە بەر ئەودیەدا دێ و دەروا، هەربەناوی کوردستان ناو دەبرێ.

لە ٢١٥٠ تا ١٧٥٠ بەرلە زایین. بۆ ماوەی سێ (٣:) سەدە، خەلّکی لەو ناوەدا و لە کەنعاندا خەریکی کۆچەلّە کۆچ بون و لە سالّی ١٩٠٠ بەر لەزایین ئیبراهیم لە (ئور)ەوە

Dr.Saleh Ebrahimi



چۆتە فەلەستین (: فەلەئەستێن) ئەم بیرورایە، ئەوەی **دەیسەلمێنێ کە کورد،** لەو، سەردەمەی‌دا، حوزوری بووە، هەروا دەورەی بگرەو بەردەی (هەکسوس) ەکان: (کاسیان) بووە لە نێو دورواندا **کاسیان،** چەندین جار هێرشیان بردوّتە، سەر باشوری دەجلە: (تیکلاو) و فورات (فرەهات، بەخۆرهات) و دوای ماوەیێ کە بارگە و بنەیان لەوێ دانا، جالە ویّوە لە حیجازو عەرەبستانەوە، **خۆیان گەیاندوّتە میسرو سەڵتەنەت و پاشاییێ فرە گەورە و بە شان و شکۆەی لە وڵاتی میسر** دامەزراند. [**ویلیام لین وسترمان**] بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە **نەتەوەی کورد** لە ٢٤٠٠ ساڵ بەرلەزایین یانی ٤٤٠٠ ساڵ بەرلەمرۆ چیغ و چادرنشین و دارای وارگە و زوّم و سیماڵو دەواربون، ئاوا بیرورای خۆی سەبارەت بە نەتەوەی **کورد، راگەیاندوە** و دەنوسێ: [**نەتەوەی کورد** بەراستی رەگەزو ریشەیێ پاكو وبێ گەردی هەیە و لەوەدا، وەپێش رەگەزی ئوروپایی کەوتونو هەروا یەکێ لە روژ هەلات ناسانی رۆژاوایی بەناوی (: تورو دانگین) لە روی ٢ بەردی ئاستانە ـ ی دەورەی سوّمێری) کە دەگەرێتەوە بو (٣٠٠٠ هەزار) ساڵ بەر لەدایك بوونی عیسا مەسیح، لە سەرئەو بەردانە، ناوی (**کوردکا**)ی خوێندوّتەو ئەو ٢ بەردەیشی لە نێو خاکی ژیانی خەڵکی (ئوّر) و سەر زەوی حەزرەتی ئیبراهیم، پەیدا کردوە. ئەو مرۆیانەی کە لە دەق و ئاسەواری سومێریشدا لە هەموشوێنێ بە (کاردیکا) بێ‌شك دەبێ هەرئەو (کاسیان)ە بوبن کە قسەیان لێکراو **کاسیانیش بەباوکاڵو باپیرانی کورد، دانراون** و مێژوزانان ئەوەیان بە ئاشکرا راگەیاندوە. یەکێ لە شوێنەواری ئەوان (**کوێی**) و (زیگۆرات)ە کە عەرەب بە ناوی سازدەرانیەوە بە (زی کورد: زیگورات) ناوی دەبەن. مێژوی عەرەب دەڵێ: ناوی دایکی ئیبراهیم، (ئوشا) بووە و **ناوی (ئوشا)** لەبن ناوی خودایانی مەوجود **لەگاتا:گازە** ـ کان‌دا، هاتووە.

هەندێ لە تەفسیر نوسانی عەرەب لایان وایە واژەی **(ئازەر)کوردی** فارسی‌یە (دیارە (ئازەر، ئاتر، ئاگر، ئاور، ئاتەش، ئەرتەش) لە ریشەو رەگاژوی **ئاتر ـ ی کوردی،** سازدراون و مێژویش دەڵێ: **ئاترۆپات ـ ی کوردی ماد.** لە راست داگیر کەرانی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیسکەندەرو ئیسکەندەریان ڕاپەری و ئەو ناوچانەی کەئەمرۆ بە ئازربایجان ناو دارن و ناوچەگەلێ پان و بەرین‌تر لە ئازربایجانی، لەبن چرنوکی ئەوان دەرهێنا و ئازادی کردو ژیانێ پڕلە خیرو بەرەکەت و شادی و خۆشی بۆ خەڵکەکەی دابین کردو خەڵکەکەیش بەشوکرانەو بە شانازی‌ئەو، تەواوی ئەو ناوچانەیان بە **ناوی ئەوسەرداره ماد ـ ەکوردە،** بە (ئاتروپاتان) ناونا، یانی (ئەلف و نونی نیشانەی نیسبەتیان) بۆداناو لە دواییدا، کە عەرەب کوردستان و ئاتروپاتانی داگیرکرد، ناوەکەی کردە ـ ئازربایجان)، باشە بزانین لەو واژە و ناوەکوردیانە، فرە بە ئاشکرا، دەردەکەوێ کە ئیبراهیم کوردو کوردزادە بووە. کورد فەرمویەتی: [نان ئەو نانە ئەمرۆ ئێستا لە خوانە]، **بەڵام حەقیقەتی مێژو دڵو دەرون خۆشکەرە** (شەپۆل).

سەرزەوی مەدیەن کە بە بان بەستینی دەریای ئەحمەر (: زەریای سور) و ئۆردون، دادەنرێ بەزوانی یونانیان، بەسەرزەوی کوردەواری و کوردستان، دانریاوە، یانی وارگە و نشینگەیێ کە ئیبراهیم بە ناچار لەوێ کۆچ و کۆچباری کردوە.

ـ لە تاریخی ـ عەرەب و یەهود، بەگشتی لە بوونی ئیبراهیم بە ٢٠٠٠ تا ١٥٠٠٠ ساڵ بەلە زایین، دانراوە و ئەوەیش **لەگەڵ هێرشی کاسیان لە زاگرۆسەوە** بۆبان بەستێنی باشوری دەجلە و سەرزەوی شنعار، دروست بەرامبەری دەکا.

ـ زەردەشتیان، «ئاورام» بە زەردەشتی سێوەم، دەزانن، کە لە ڕاستیدا، ئیبرام یا ئیبراهیم ـ ی عبریە کە کورد بە (بلە) ناوی دەبا.

ـ قورئانیش دەڵێ (ماکان اِبراهیم یَهُودیّاً و لانَصرانیّاً...) سورەی ئالی عیمران ئایەتی ٦٧. یانی ئیبراهیم بەرگەز یەهودی نیەو لە ئایەتی ـ ئایەتی ٤ سورەی ئیبراهیم (وما ارسلنا من رسولٍ الا بِلسانِ قومِهِ)یش جوان دەردەکەوێ، کە ئیبراهیم لە کوردەواریدا، هەڵکە وتووەو **بەزمانی کوردانی مادوماننا وگوتی و ئورارتۆ،** قسەی کردوە.

ـ هیچ گومان لەوەدانیە کە کوردان لە سپای نمرود، بە شدار بوون.

ـ مێژوزانان لایان‌وایە نمرود کوڕی کوش یاکوس بووە، کە لەگەڵ واژەی کاسیان،

Dr.Saleh Ebrahimi



هاوریشەیە و بەواتای کەسێکە، ناروا، کەس: کاس.

کوردستان سەرزەوی یەکە، لە ئاسیای خوراوادایە. واژەی کوردستان بۆیەکەمجار، بە رەسمی لە رۆژگاری سەلجوقیان لە نوسینگەی حوکومەت دا، نوسراوە، لە ئێران بەسنەو پارێزگەی سنە، کوردستان دەوترێ، حەمدوللا موستەوفی سنوری کوردستانی بە عیراقی عەرەب، خوزستان، عیراقی عەجەم، ئازربایجان، دیار بەکرو ئەم ١٦ ولاتەیشی بە بەشێ لە کوردستان داناوە: ئالانی، ئەلیشتەر، بەهار، خەفتیان، دەربەندی تاج‌خاتون، دەربەندی زەنگی، دزبیل، دینەوەر، سولتان ئاوای چەمچەماڵ، شارەزور، کرماشان «قرماسان» کرند وخۆشان، کنگور (قصراللصوص یاگەنگاوەر) ماهیدەشت هەرسین و وستام. ـ کوردانی ئەییوبی، سەرزنجیرەی ئەم بنەماڵە صەلاحەدین یوسف بن نەجمەدین ـ ە، کە ئەم بنەماڵە ٥٦٧ تا ٦٤٨ی مانگی لەمیسرو شامات و فەلەستین و کوردستان: مەڵبەندی بەشی سەروی دەجلە و فورات حوکومەتیان کردوە، کە صەلاحەدین دەولەتی فاتمی میسری لابردو خۆی بووە پاشای ئەو ناوە [ ٥٦٧ـ ٥٨٩ی مانگی] وجەنگی صەلاحەدین لە راوانی فەلەکان لەجەنگی خاجداراندا، مەشهورەو زۆر ئازایانە و پیاوانە ئاوقەی هێرشکاران بووە و **سولتان صەلاحەدین کوردایەتی کردوەوکوردلە دەورانی ئەوزاتەداگوڵی کردوە و ئەو هەموەزاناو قازی و ئەمیرو پاشاو وەزیر و مێشروزان و سیاسەت زان و عالم و خواناس و عارفانە لەبن سێبەری پڕ میهر و زاناپەروەری ئەوزاتە، سەریان هەڵداوەو بونەتە هۆی فەخروشانازی بۆ دنیای عیلم و زانین، یەکێ لەخزمەتەکانی کوردوکوردایەتی کردنی سوڵتانی کورد، بە نەتەوەی کورد، ئەوەیە.**

کورد عەلی، رامیار، زانا و نوسەر، وەزیری فێرکردن و بارهێنانی سوریە و ئەندامی عیلمی مەجمعی عەرەبی شای میسرو سەروکی عیلمی دیمەشق بووە [ ١٨٧٦ وەفات ١٩٥٣ ی زاین] نوسراوەکانی: خطط شام، تاریخ احمدبن طولون، و فەلاسیفەی ئیسلام (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# حەکیم ئەحمەدخانی
# ١٠٦١ مانگی و ١٦٥٠ ز ـ لەدایک بووە.

ویژە و ویژەوانی ناوداری کورد، حەکیم ئەحمەدخانی چیروک هۆنی بلیمەت و زانا بەزانینەکانی ئیسلامی، شارەزا لە فەلسەفە، کەلام، زانینەکانی بەلاغە، ئوسولی فیقهو زانا بە شەریعەتی ئیسلامی و شیعرو شاعیری و ئەدیب و ویژاوەری گەورەی جیهانی ئیسلام و کوردەواری، کە بە رلە فەرانسەو نیچە، قسەی لە ناسیونالیسم و کوردایەتی کردن کردوە.

**حەکیم ئەحمەدخانی**، کە چیروکی کەو نارای مەمو زینی بە شیعرو هۆنەی کوردی، هۆنیوەتەوە، بەپێی هۆنەی خۆی، کە لە ئاخری ئەو هۆنەدا فەرمویەتی: لە سالّی ١٠٦١ مانگی و ١٦٥٠ زاینی لە دایک بووە و تەمەنی موبارەکیشی لەکاتی هۆنینەوەی چریکەو چیروکی (مەم وزین) دا (٤٤ سالّ) بووە.

| | |
|---|---|
| وەللاهـــی ژ ســـفیدی و ســیاهی | وی قـەسد و غـەرەز تـوی ئـیلاهی |
| ئـەمما بـە مـورەککـە بـا قـەباییح | رو رەش کـرنەگـەلەك سـەفاییح |
| خەتتی تەیە، سەر نویشت، سەرمەشق | سی سالّە خەتتی خەتتا دەکەت مەشق |
| لەوراکۆدمـــا ژغـــەیب فـــەکبـو | تـاریخ هـەزار و شـەست و یـەك بـو |
| ســی ســالّەگـەهشتە چـهل و چـاران | وێ پێشـــــرەوێ گـــوناهکاران. |

بەو پێو دانە تاریخی هۆندنەوەی چیروکەکەیش دەبێ هەرلە سالّی ١١٠٥ی مانگیدا بوبێ (١١٠٥ = ٤٤ + ١٠٦١) و ریکەوتی سالّی ١٦٩٢ زاینی، نەك سالّی ١٥٩١ ز ـ کەهەندێ کەس ئەوە بە تاریخی هۆندنەوەی **چریکە و چیروکی مەم و زین**، دادەنێن، دەتوانین بلّێین: ئەم تاریخە پێوەندی بە سالێکەوە هەیە، کە خێلّی خانی بە سالان بەر لە دایکبونی ئەو، لە سەر زەوی بایەزیدی کوردستان ـ ی بن دەس تورکیە نیشتە جێیبون.

باوکی حەکیم ئەحمەدخانی ناوی ئەلیاسەولە خێلّی خانیانە، کە لە مێژوی ١٦٩١ ز ـ

Dr.Saleh Ebrahimi



لە سەر زەوی بایەزید، دامەزرابوون.

بە پێی نوسراوی پڕزانا عەلائەدین سەجادی لە کتێبی مێژوی ئەدەبی کوردی، پەڕەی ١٨٩ تا ١٩٤ و ژیناوەری زانایانی کورد،.. (شەپۆل) پەڕەی ٦٥٥ تا ٦٦٨ چاپی ١٣٦٤، تاران، چاپخانەی مەهارەت، **حەکیم ئەحمەدخانی** لە ساڵی ١١١٩ مانگی وەفاتی کردوە و ئەم رستە عەرەبییە، تاریخی وەفاتی یەتی: «طارخانی الی ربّە» یانی خانی بۆلای خوای خۆی باڵی گرت. جاچونکا لە ١٠٦١ مانگی لە دایک بووە، بەو حیسابە، ئەبێ تەمەنی مویارەکی ٥٨ ساڵ بوبێ - **حەکیم‌خانی** یەکێ لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی ئەدەبی کوردەواری‌یە، کە بێجگە لە زمانی کوردی، بە سەر زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی‌دا خاوەن دەسەڵات بووە، لە فێرگە و حوجرەی مزگەوتان لە شاری بایەزید، ئورفە، خەڵات و بدلیس دەرسی خوێندوەو بە سەفەرو رێبواریش چووەتە قاهیرەو قوستەنتەنیەو لەگەڵ زانایان و ئەدیبان و وێژاوەرانی عەرەب و تورکدا، و توویژ و موجادەلەو موراوە دەو موباحەسەی عیلمی‌و هونەری و زانیاری هەبووە.

**حەکیم‌ئەحمەدخانی** واژەنامەو فەرهەنگی بەهۆنەی وەک (نیساب و سوبیان)ی ئەبو نەسری فەراهانی بەزمانی عەرەبی و کوردی بۆ زاروکان‌و خوێندەواران و زانینخوازانی کورد، لە ساڵی ١٠٩٤ مانگی و ١٦٨٣ زاینی بە ناوی نۆبار: نوو بەهار، ناوی ناوە. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٣١٠ی مانگی لە کۆبەی فەرهەنگی هیدیەی حەمیدیە لە لوغەتی کوردیدا، لە شاری ئەستەمبوڵ لە چاپ دراوەو نوبەهار، لە سەر وەزنێکی عەروزی دایە.

بۆ نمونە ئەم **٣** هۆنە بخوێننەوە:

رِجلْ: پێی‌و روکبە: ئەژنو، بَطنْ: سک		صَدرْ: سنگ وجید: ئەستۆ، عَین: چاف

بیدا: فەلات و سَبْسَبِ فەیفاء و بَدو: دەشتە		ینبوع و عَین: کانی، جُب و قلیب: بیرە

اکخل: مروڤی چاف بە کل،		أشْهَل: مروڤی چاف بە لەک

اشقَر: مروڤی چاف شین		رەنگی گەنمگون: ئەسمەرە

Dr.Saleh Ebrahimi



شیعری ئەولْ بەحری رەمەلْی موسەدەسی مەخزوف یامەقسورە.

شیعری ۲ بە حری موزاریعی موسمەنی ئەخرەبە. شیعری ۳ بەحری رەجەزی موسمەنی سالمە.

**سەرنج راکیشە:** فەرهەنگێکی دیکە، کەدانە رەکەی نەناسراوە، بە شێوەی حەکیم ئەحمەدخانی بە تورکی و کوردی دایناوە، هەروکودەلْێ:

(گەلگەل) وەرە (گێتگێت) هەرِە      (قاپی) دەرە (ئێشەک) کەرە
(سامان) کایە (ئوت) گیایە      (قوبون) مەهی (ئوکوز) گایە
(قوروت) کەشکە (تولوغ) مەشکە      (سچان) مشکە (قورو) حشکە
(یوک) بارە (ئیلان) مارە      (گیچی) بزنە (ئاروارد) ژنە

هەروا عەللامە شێخ مارفی نۆدیێ بەزرنجی لە سالْی ۱۳۱۵ مانگی فەرهەنگی ئەحمەدی یەی بە هۆنە، داناوەو لە ۱۹۳٦ ز ـ لە شاری سلێمانی لە چاپ دراوە. هەروەک:

(شاب) جەوانە (هر) پیرە      (قوس) کەوانە (سهم) تیرە
(مخاط) چلْمە (لعاب) لیکە      (لقمە) پارو (لبنە) تیکە
(صلاة) نفیژە (اذان) بانگە      (نهار) رۆژ (لیل) شەوە
(نوم) نفستنە (رؤیا) خەوە      (تیس) تەگەیە (کبش) بەرانە
(صعب) سەختە (سهل) ئاسانە.

فەرهەنگێ دیکە. کە بە شێوەی حەکیم خانی نوسراوە، فەرهەنگی (فەیلی: پالەوی)یەکە بە زاراوەی کوردی خوارو، **مەلا حەق عەلی سیا پۆش** کورِی (گورگ عەلی» لە خێلْی سیاپۆشی ئەلەشتەر، لە زنجیرەی لورِستان ولە سیا پۆشەکانی شاری (دزفول) کەلە سالاْنی دورەوە لەو شارەوە کوچیاْن کردوە و چونەتە پاریزگەی لورِستان و لە شاری ئەلەشتەر ماوە تەوەو لە نیوان سالاْنی (۱۳۲۷ تا ۱۳۲۳ مانگی **مەلا حەق عەلی** سیاپۆش

Dr.Saleh Ebrahimi



وەفاتی کردووەو لەگەڵ عەللامە نۆدیی دا هاوچەرخ بووگە.

**عەللامە حەق عەلی دەڵێ:**

مــغنی بــیانِ تــوجان پــرور است　　هـــوای تــقارب مــرا در ســر است

فـــعولن فـــعولن فـــعولن فـــعول　　بخوان پارسی کش **لکی** در خور است

لێرەدا دەیەوێ بێژێ زمانی لەکی لە فارسی باشترەو فەرمودەی حەزرەتی حەکیم ئەحمەدخانی، دەخاتە بیرو هزری خوێنەرکە فەرمویەتی:

داخـــە لق نـــە بێـــژتبن کـــوئەکراد　　بێ مـــەعریفەتن. بێ ئـــەسڵ و بـــونیاد

ئـــەنواعـــی مـــیلەل خـــودان کـــتێبن　　کـــــورمانج تـــــەنێ دبێ حسێـــــین

هەم ئەهلی نەزەر نەبێن کە کورمانج　　عیشقە ک نەکـرن ژ بۆ خوٚ، ئـامانج

کـــــورمانج نـــــەپڕدبێ کـــە مـــاڵن　　ئـــــەمما دەیـــــەتیم و بێ مـــــەجالن.

**مەلا حەق عەلی** هەروەکو حەکیم‌خانی گرینگی زمانی کردی زانیوە، کۆشاوە لەو دەوڵە مەندی‌یەی زاراوەی لەکی بۆزیاتر غەنی ترکردنی زمانی کوردی، فەرهەنگێ بە شێوەی حەکیم‌خانی دابنێ و ئەمەیش ئەوەمان پێی دەڵێ: نـەتەوەی کـورد، ئـەوەی گرینگە، **کوردایەتی کـردن و مـەسەلەی نـاسیونالیسمە،** دیـن و ئـایین شـتێ پـاک و موقەدەسەو دوای نەتەوایەتی و ناسیونالیسم و کوردایەتی کردنەو لە نیشتمانی کـوردو کوردستان، چەندین دین و ئایینی وەک، شیعە، سوننی، ئیزەدی، یاری و یارسان و عەلیوللاهی و مەسیحی، جولەکە: موسایی و... هەیەوکەس کاری بەدین وئایینی کەس نییەو ئەوەی بۆنەتەوەی **ئاشتی خوازی کورد،** فرەگـرینکە، **کوردایەتی و ناسیونالیسمە.** وێنەی مەلا حەق عەلی سیاپۆشە کە لەم سەری کـوردستان، هـەر وەکـو ئـەو سـەرو ناوەراستی کوردەواری، لە بیری راگرتن و بوژانەوەی زمان‌و ئـەدەب و فـەرهەنگ و هونەری کوردەواری‌یە، **هـەرلە بـەرئەوەیە مـەلا حـەق عـەلی‌سیا پۆش بـەو پـەڕی دڵسۆزی‌یەوە،** هەروەکو **حەکیم ئەحمەدخانی** بـەزاراوەی نـاوچەی (: نـورئاوا، درود

Dr.Saleh Ebrahimi



فەرامان، باڵەوەن، سەهەنە، هەرسین، کوهدەشت، جەلالوەن، عوسمانوەن، شیروان، ئەلەشتەر، گەرمەی، **کاکاوەن**، تەرحان، فیروزئاوا و هەندێ لەگوندەکانی ئیسلام ئاوای رۆژاوا و کرماشان). واژەنامە بە شیعرو هۆنە دابنێ کە فەرمویەتی:

(مژ) آتش است، مُزد (مز) خر را همی گویند: (خەر)

میش است (مێ) بز هست (بوز) باری طناب آمد (رەسەن)

بشکافته (کاویا) در خواب رفته (خاویا)

بگداخته دان (تاویا) پەیمانه (کیل) و (کیله) مەن

له بەحری تەقاروب: (ئەساره) ستاره بود (مانگ) ماه

همان آفتاب منور (هووەر) است

شکم (لەم) بود (دەم) دهان (کوڕ) پسر

(چەمەل) دیدگان و (کەپولێک) سراست

برادر (برا) دان و خواهر (خویه)

(پیا) مردو (ژەن) زنکه (دت) دختراست

(نموشم) نگویم (مەچم) میروم

بزرگ است (ئاقا)، (یەتیم) نوکراست

(ریەن) رمەمیدان و (پەس) گوسفند

بود (نێری) آن بز که پیش اندر است

(چەمەت) نیمسوز است و (ئەرگل) زغال

هم آتش (مژ) و (بیل) حاکستر است

(بڕواننە گۆفاری ئاوێنە پەڕەی ۷ ژمارەی ۲۴ ساڵی ۱۳۷۵ تاران فەرەیدون قەنبەروەیسی، عەلیرەزاخانی و تاهیر رەمەزانی. □

با بچینەوە سەر باسی **حەکیم ئەحمەدخانی**، شاکاری ئەو زاتە چریکە و چیرۆکی بە

Dr.Saleh Ebrahimi



هۆنەی **مەم و زینە** کە بە زاراوەی کوردی کورمانجی لە بەحری هەزەجی موسەدەسی ئەخرەبی مەقبوز ـ ە، بە ناوی **مەم و زین** کە یەکێکە لە چریکە و چیروکە، کۆنەکانی کوردەواری. مەم و زین دو عاشق و مەعشوق و دلبراوی یەکتر بوون، مەملە ناوچەی ئالان و زین لە ناوچەی بۆتان کە بە کاکەمەم و یای زینیش ناو براون. ئەم چریکە و چیروکە، سەربوهوری عیشقی و حەماسی‌یە، **کەپڕوتەژی‌یەلە هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتی و حەماسی و نیشتمانی کوردی،** کە لە نێو کورداندا، زار بەزارو دەم بە دەم لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیێ دیکە، نەقڵ کراوە و راگوێزراوە، چریکە و چیروکی **مەم و زین** بەر لە حەکیم خانی ویردی زمانی خەڵکی کورد بووەو واقیعییەتی هەیە و راستە، لە سەردەمی حەکیم ئەحمەدخانی، ئەو داستانە بە پەخشان و بە هۆنەی چەن هەجایی (بین، سریچکا مەقتەع) و بە ناوی چریکەو چیروکی مەم و زین بەناو و دەنگ بووە و لە وانە بووە، کەم کەم لە بیر بچێتەوە حەکیم ئەحمەدخانی، بۆ ئەوەی لە قالبی ئەدەبی رۆژ باوی کوردی و زمانی کوردی بکاتە، ئەدەبی کلاسیک و هۆنەی رۆژ باو، کە بەو بۆنەشەوە زمانی کوردی بکاتە ئەدەبی عیلمی و بی بوژێنێتەوە، بۆیە کەمجار بەوێنەی هۆنەی عەروزی، هۆنیویە تەوە، هەر وەکو خۆی بەراشکاوی فەرمویەتی:

شەرحا غەمی دڵ بکەم فسانە  زینا و مەمێ بکەم بەهانە
نەغمێ وەژ، پەردەیێ دەرێنم  زیناو مەمێ ژ نۆ وەژێنم
ئەڤ نامە ئەگەر خەرابە، گەر قەنج  کێشایە مەوی دەگەڵ دوسە درەنج
ئەو بارەیە تیفلی، نەو رەسیدە  هەر چەند نەهین قەوی گوزیدە
ئەڤ میوە ئەگەر نە ئابدارە  کورمانجی‌یە ئەو قەدەر لە کارە.

**حەکیم ئەحمەدخانی** لەم چریکەو چیروکەدا دەیەوە خزمەت بە زمان و هۆنەو فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری کوردی، بکاو هەروا بەهۆی ئەم چریکەو چیروکەوە، لەدواکەو تویی‌و بێ بەختی و بێچارەیی و تەفرەقەو دابەش دابەش بونی، کورد و

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردستان، بنالێنێ و بلێ: (با دەنگ و نالەمان بەکخەن / بەڵکو بەو عەشقە نیشتمان سەرخەین) و هەروا لە گەردونی گەردان و مرۆڤی ستەمکاری رۆژگار، سەبارەت بە نەتەوەی ئاشتی خوازی کورد و وێران کردن و بۆمبارانی شاخ و چیای کورد و کۆشتاری نەتەوەی کورد بە بۆمی شیمیایی و بە بۆمی خەردەل و سیانور، وەکو **هەڵەبجەی سوتاو، هێرو شیمای کوردستان**، کە لە چاو تورو کانێکدا زیاتر لە ٥ هەزار ژن و راروک و پیرە پیاوی بێ چەک و پیرەژنی کز و کەساسیان شەهید کردو ئێستایش بە سەدان نەخۆشی ئەو شیمیا بارانە هەیە؛ چار نەکراوە، چ لە سەردەشت وچ لە شوێنەکانی دیکەی کورد و کوردستان. هەر لەبەر ئەوەیە، پڕ بەدەنگ خانی هاواردەکا و دەڵێ:

داکە شف ببت لەبۆمە ئەحوال — کاتێ دەبتن مویە سسەر ئیقباڵ
ئیدبار مەوی گەهاکە مالی — ئەیابویە قابیلی رەوالی
قەت موکینە ئەف ژچەرخ لەولەب — تالیع ببتن ژ بۆمە کەوکەب
بەختی مەژبۆمە رابت یار — جارەک ببتن ژ خواب هوشیار

**حەکیم ئەحمەدخانی** بە بیرکردنەوە و تێفکرین بەم ئاکامە دەگا، کە تەنیا چارە بۆ بەختەوەری نەتەوەی کورد، لە یەکیەنی و ئیتحاد، دایە، تەنیا یەکیەتی و یەکبونی کوردە، کەدەبێتە هۆی رزگاری و ئازادی کورد و کوردستان: کە فەرمویەتی:

لەو پێکفە هەمیشە بێ تفاقن — دایم بە تەمەڕود و شیقاقن
گەردی هەوبا مە ئیتحادەک — فێکرا، بکرا، مە، ئینقیادەک
تەکمیل دەکر، مە، دین و دەولەت — تەحسیل دەکر، مە، عیلم و حیکمەت
تەمییز، دەبون، ژ هەف مەقالات — موتاز دەبون خودان، کەمالات

دیوانی مەم و زینی حەکیم ئەحمەدخانی، بە زاراوەی کورمانجی یە، کە موتەرجیم و موحەقیق و شاعیری ناوداری کورد، ئەو رەحمانی شەرەفکەندی: هەژار ئەوەی هێناوەتە سەرزاری کوردی نافین (سۆرانی) و بەر لەویش فەیلەسوفی کورد، پیرە مێرد ـ ی

Dr.Saleh Ebrahimi



سلێمانی ئەوەی هێناوەتە، سەرشێوەزاری کوردی سلێمانی و کردویەتە نومایشنامە، مەم‌و زینی خانی و هەروا ئەو مەم‌و زینانەی چریکە چرانی کورد، بەناوی بەیت و باو، بە دەنگ و ئاوازگوتویانەو فرەیش رەسەن و پڕو تەژین لەواتاو واژەی جوان و رەسەن و رەنگین، تا ئەم کات و ساتانە چەندین جار، لە شاری بەرلین، پاریس، لێنینگراد، ئەستەمبوڵ، دیمەشق و تاران و تەورێز و ورمێ لە چاپ دراون و بڵاوکراونەتەوە. ئەسڵی چریکەو چیروکەکە، بە زۆربەی زمانە، زیندوەکانی جیهان تەرجەمەکراوە، بۆوێنە بە زمانی ئەلمانی، فەرانسەیی، روسی، عەرەبی، تورکی، ئەرمەنی، تەرجەمە کراوەوعوبەیدیلا ئەیوبیان برەک چریکەی مەم و زینی هێناوەتە سەر رێزمانی کوردی رۆژ باو و هەروا بەفارسیش تەرجەمەی کردوە و بەرکوڵی زانایانە و پڕو چڕیشی بە فارسی بۆنوسیوە و لە تەورێز لە چاپی داوە.

هەروەکو لەبەرا، را مانگەیاند، **حەکیم ئەحمەدخانی**، بێجگە لە شیعرو شاعیری لە زۆربەی عولومی ئیسلامی، وەک فەلسەفە، کەلام، مەنتیق، بەیان، بەدیع، بەلاغە، فەرمودە، قورئان، زانینەکانی قورئان، تەفسیر، ئوسولی فیقهـ شەریعەتی ئیسلام، ویژە و ویژەوانی، لوغەت، حیساب، هەندەسە، ریازیات،گۆ و چەوگان بازی، ئەسب سواری، ئەنگیوەیی، شارەزاو بەدەسەڵات بووە و لە شاری بایەزیدی کوردستان تا ئاخری ژیان خەریکی تەدریس و کاری فەرهەنگی بووە، **حەکیم‌خانی** مرۆیی زانا، دانا، ژیر و پڕبیر خۆناس، خواناس، کورد و کوردستان ناس، کۆمەڵ‌و گومەلگاناس، خۆبەکەم‌زان، لەخوا ترس و پارێزگارو مەردم‌دار و لە نێو خەلکیدا بووە (بڕوانن سەرەتای مەم و زین ـ ی حەکیم ئەحمەدخانی، مەسکەو، ١٩٦٤ ز و بەرکولی مەم و زینی هەژار، چاپی نەحاج، بەغدا، ١٩٦٠ ز ـ و تەرجەمەی مەم و زین بە فارسی، دانراوی عوبەیدیلا ئەیوبیان تەورێز، ١٣٤٤ هەتاوی و مێژوی ئەدەبی کوردی ئوستاد عەلائەدین سەجادی، بەغدا چاپی ١٩٧١ ز ـ وکتێبی ژیناوەری زانایانی کورد و... محەمەد صالح

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیبراهیمی (شەپۆل) پەڕەی ٦٥٥ تا ٦٦٨ چاپی ١٣٦٤ هەتاوی چاپخانەی مەهارەت، تاران، مشەشاهیری کورد، بابە مەردۆخ ڕوٚحانی شیوا بەرگی ١ پەڕەی ٢١٤ تا ٢١٢ چاپی سروش سالی ١٣٦٤ هەتاوی تاران.

نەژی بوٚ صاحێب ڕەواجان    بە لکی ژی بوٚ کورمانجان

فیردەوسی کە بە شیعری خوٚی ئێرانی بوژاندوەتەوە، حەکیم ئەحمەد خانیش زمان و فەرهەنگ و هونەری نەتەوەی کوردی زیندو، ڕاگرت، جا ئەوەیە حەزرەتیخانی دەڵێ:

ئــــەزمامە دەحـــیکمەتا خـــودێدا    کـــــــورمانج دە دەولەتـــــــادنیدا
ئـــایا بـــەچ وەجـــهی مـــانە مـــەحروم    بـــیلجوملە ژ بوٚچـــی بـــونە مـــەحکوم
هـــەر مـــیرێکـــی وان بـــەبەزل حـــاتەم    هـــەر مـــیریکی وان بـــە ڕەزم ڕوٚستەم
بـــە فـــیکر، عـــەرەب حـــەتافە کـــورمانج    کـــورمانجیە بـــویە شـــوبهی بـــورجان
لەو پێکـــــفە هـــــەمیشە بێ تـــیفاقن    دائـــیم بـــە تـــــەمەرود و شـــیقاقن
گـــەردی هـــەبوایـــە مـــەژی خـــودا نـــەک    عـــالی کـــەرەمەک لەتـیفە دانـــەک
مـــن دە عـــیلما کـــەلام مـــەوزون    عـــالی بکـــرا لە بـــانی گـــەردون
چـــی بکـــەم کـــو قـــەوی کـــەسادە بـــازار    نـــــینە ژ قـــــوماشرا خـــەریدا
قـەت مومکینە ئەف ژ چەرحی لەو لەب    تـــالیع بـــبتن ژ بوٚمـــە کـــەو کـــەب
بـــەختی مـــەژ مـــەڕا بـــبت یـــار    جـــارەک بـــبتن ژ خـــواب هـــوشیار
کـەس بوٚکـەسێ نـابێ چـاو دە بـەر بێ    هـــەر کـــەس دەیـەوێ زل و لەسـەر بێ
کـــوردیش کـەبیایە یـەکدڵ و دەست    دەستیان دە کەوت ژیـانی سـەر بـەست
پـــەیدا دەبـــو بـــاوو گـــەورەیی و ژیـن    نـــاومان دەر ئـــەکـــرد بـــەبیرو زانـــین.

بروانە دیوانی خانی (میزان الادب) چاپی ٣ مایسی ١٩٩٠ ز - تورکیە، بە ئەرکی ڕەینە لعابید ئامێدی.

حەکیم ئەحمەدخانی کە ئەزانێ ئێستا کـەس گوێ نـاداتـە دەردی کـەس و کـەس

Dr.Saleh Ebrahimi



تازانجی خۆی نانێتە پێناوی گەل، کەس ئامادە نیە هەنگاوێ بەرەو ئامانجە بەرزەکەی هەڵێنێت، تاکو تەنیا هەر خویەتی و خۆی، جافەرمویەتی:

مەزنی مە، کەژیرو چاکە ناسە    بۆم تێ نەگەیەندرا چباسە!

بە ناچار لە ئاسمای بەرزو تەرزی بە ئامانج نەگەیشتن ئاواتی پڕکەف و کوڵی، بیرلە خۆی دەکاتە وە، کە حەکیم و ئەدیب و زانایەکە، دیێ ئەرکی سەرشانی خۆی کە نوسین و هوشیار کردنەوەی خەڵکە، دیێ لەم ڕێگاو ڕێبازەوە خزمەت بە زمان و فەرهەنگ و هونەری کوردی، دەکاو کارێ وای ئەنجام داوە.

داخەلق نەبێژتن کو، ئەکراد    بێ مەعریفەتن بێ ئەسڵ و بونیاد.

□

بێگانە نەڵێن کە کورد نەزانن    بێ نورسەر و هونەرو زمانن.
کورد، هیندە نەگێل و گێژو کاسن    داخم ئەوە، بێ کەسن کەساسن
ژیرو بەدڵن کەڵێک دەزانن    بێ خێوی‌یە بێ سەرو زمانن
بۆمەش گەر هەبایە خێوو سەردار    بەخشەندەو و ژیرو زیت و وشیار
ژیری و هونەری بەدڵ کرِیبا    ژەنگی لە دڵی هەزار سرِیبا
من ئێستا لەکۆڕی وێژەوانان    ئالآم دەشەکا لە عاسمانان.
تو بڵێی کە هەڵێ چزو چ دێریک    بۆئێمە لە عاسمانان ستێرێک
بەختی مەلە خەو هەڵستی جارێک    جارێک بکەوێتە کاروبارێک
بۆ مەش کە هەبایە پادشایێ    خوا تانجێکی پێێ ببەخشایێ
ئێمەی لە کەساسی دەر دەهێنا    بێستانی هیوای وە بەر دەهێنا
بۆمەش کەببیایە سەربلندێک    زۆر زان و بەبیرو مەردو ڕەندێک
نەخشی لە دراوی مەش درابو    بێ نرخ و چروک و باو نەمابو
تورکان نەدەبون بە سەمەدا زاڵ    بۆکوند نەدەبوینە لانەو ماڵ

Dr.Saleh Ebrahimi



چۆن بۆ عەجەمان ئەبوینە ژێردەست؟ ژێر دەستی شتی وەها نەوی و پەست.
ئەم بوکی جیهانە، بۆ کوڕێکە شیرێکی بە دەست وشێر دڕێکە
خشل و جل و شیرنی و نیشانی بەخشینە بەبیرو ڕێگە زانی
پرسیم لە جیهان ڕەقی لە بەردی نەرمیت بەچییە؟ گوتی: بەمەردی
دنیا کەوەها بە بەخشش وشیر بۆ پیاو دەسەمو ئەبتێت و دەسگیر
کورد چۆن دەبێ دیل و چارە، ڕەشبن کەی ڕاستە نەخۆشی دورە بەش بن
دەست ڕژدی ئەمانە حاتەمێکە هەرکوردێ لەمانە ڕۆستەمێکە
هێندی کە بە جەرگ و دورە ترسن **کەمتر لە بە یەک گەین ئەپرسن**

(بڕواننە سەرەتای مەم و زین کە زاناو نوسەرو دەس و قەڵەم جوان خوا لێخوشبو میرزا حەسەن قزلجی گۆڕ غەریب، بۆ مەم و زینی حەکیم ئەحمەدخانی نوسیوتی، کە هەژار موتەرجیم، لێکوڵەر و شاعیری ناوداری کورد، کردویە. بە موکریانی.

رابت ژمەژی جیهان پەناهەک پەیدا ببتن مە پادشاهەک
شیری هونەرا مەبێتە دانین قەدری قەلەما بێتە زانین
دەردی مەبیتن عیلاجی عیلمی مە ببینێتن رواجی
گەردی هەبویا مە سەر فیرازەک صاحیب کەرەمەک سوخەن نەوازەک
نەقدی مە دەبو بە سککە مەسکوک نەدەما وهەبی ڕەواج و مەشکوک
گەردی هەبویامە پادشاهەک لائیق بدی خودێ کو لاهەک
تەعیین ببوا ژ بۆوی تەختەک زاهیر فەدەبوو ژبۆ مە بەختەک
حاسڵ ببوا ژبۆ وی تاجەک ئەلبەتە، دەبوو مەژی ڕەوا جەک
غەم خواری دەکرد لەمە یەتیمان تینانە دەرێ ژ دەست لە ئیمان
غالیب نەدەبو لەسەر ئەف ڕۆم نە دەبوونە خراپە دە، دەست بووم
مەحکوم عەلەیهیو سەعالیک مەغلوب و وموتیعی تورک و تاجیک

Dr.Saleh Ebrahimi



مەگەر ژ ئەزەل خودێ و ساکر — ئەو رۆم و عەجەم لە سەرمەراکر

تەبعییەتی وان ئەگەر چی عارە — ئەو عارە لە خەڵخقی نامدارە

ناموسە لحاکم و ئەمیران — تاوان جیی یە شاعیرو فەقیران

ئەو رۆم و عەجەم بۆ وان حەسارن — گورمانج هەمی لچار کەناران

هەردو تەرەفان قەبیلی کورمانج — بۆ تیری قەزا کرینە ئامانج

گویا کو لسەر حەددان کلیدن — هەر تائیفە سەددێکی سەدیدن

ئەو قولزومی رۆم و بە حری تاجیک — هێندی کو بکەن خوروج و تەحریک

کورمانج بو خوێن مولەتتەخ — وان ژێکفە دکەن میسالی بەرزەخ

جوامێری و هیممەت و سەخاوەت — میرینی و غیرەت و جەلادەت

ئەو خەتمە زبۆ قەبیلی ئەکراد — وان دانە بەشیرو هەممەتی داد

هێندەژ شەجاعەتێ غەریورن — ئەو چەندێ ژمننەتێ نفورن

ئەڤ غیرەت و ئەڤ عولقی هیممەت — بوو مانیعی حەملی باری مینەت

لەو پێکفە هەمیشە — بێ تیفاق دائیم بەتەمەرودوشیقاتن

گەردی هەبوایە مەئیتیفاقەک — فێکرا بکرا مە ئینقیادەک

رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی — هەمیان ژمەرا دکر غولامی

تەکمیل دەکر مەدین و دەولەت — تەحسیل دەکرد مە عیلم و حیکمەت

تەمییز دەبون ژهەف مەقالات — مومتاز دە بون خودان کەمالات

بروانە دیوانی مەم و زین (: میزان الأدَب) دانراوی حەکیم ئەحمەدخان، بە هەڵەگیری و رازانەوەی زەینەلعابیدین ئامێدی کە ئیعرابی بۆ لەسەرپیت و حەرفەکان داناوەو بە صەحیح ترین نوسخەی زانیوەو ئافەرین نامەیەکی بە شیعری شیخ محەمەد عەسکەری کوڕی شێخ عەبدو رەحمان ئەقتیپی بۆ داناوەو دیباجە و پێڕست و نیشانەی بۆداناوە، بۆ ناسین و جیا کردنەوەی واژەی کوردی، لە عەرەبی و تورکی و فارسی و هەروا واژە

Dr.Saleh Ebrahimi



سەختەکانی فرەجوان واتاکردوە، بە دانانی واژەنامە و فەرهەنگ کەفرە پڕ و چڕە ولە ئاخریشدا سێ (٣) قەسیدەی کوردی لە باتە لە چاپ داوە و ئەم دیوانە لە کاغەزی پەڕزەرد لە ٣ی مانکی مایسی ١٣٣٥ و ١٢ ڕەبیعی ئەوەڵ ساڵی ١٤١١ مانگیوا مانگی ئەکیمی ١٩٩٠ ز ـ لە تورکیە لە چاپ دراوە. لە ٢٩ مای ١٩٩٨ زایینیو ١٣٧٧/٣/٩ هەتاوی ڕوژی ٣شەمەسەعاتی ١٢ی نیوەڕۆ چومە زیارەتی مەرقەدی حەکیم ئەحمەدخانی کە بە دەسی مەحمود کوڕی حەسەن کۆتان، ساکان، لە ساڵی ١٩٩١ ز ـ تەعمیر کرا بۆوە، کاک محەمەد عەبدوللاّ گوڵی خودێ کە پێشنوێژی مزگەوت و مەرقەدی حەزرەتیخانی بوو، ئەو دیوانە شێعرەی حەکیمخانی بەدیاری بە (شەپۆل) دا، لە شاری بایەزید، میوانی ماڵی عومەر تەکین بووم و ئەو لەگەڵ چەن کەس لە خزمانی بەماشێتی خویان منیان بردە، زیارەتی، زیارەتگەی حەکیم ئەحمەدخانی.

## وێژاوەری: ئەدەب:

زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕوانگای ڕۆژهەلاّت ناسانەوە. کورتکراوەی و تاری قاناتی کوردۆ، لە بارەی (مەمو زین)ی حەکیم ئەحمەد خانی.

ڕۆژهەلاّت ناسان تا ناوەراستی سەتەی نۆزدەهەم هیچ شتێکیان لە بارەی وێژاوەریو ئەدەبی زمانی کوردییەوە، نە ئەزانی. لە روسییەشدا هیچ کەسێک نەی ئەزانی کە وێژاوەری ـ زمانی کوردی هەیە یا نا؟ لە ساڵی ١٨٤٠ زایینی دا (و ـ دیتیل)ی روس لە خوّر هەلاّتی نێزیکا کەوتە گەڕان، وە شوینەواری ـ **ئەدەبی و هونەری و وێژاوەری** زمانی کوردی فرەیەکی لە نێو، کوردانا چاوپێکەوت.

ئەو مرۆفە لەوکاتەی دا لە یاد داشتەکانی خۆیا نوسی بویی: من هەرگیز باوەرم نەئەکرد کە لە نێو هوّز و نەتەوەی کوردا کە خوێندەوار، کەمە، ئەونە وێژاوەری و **نوسراوەی ـ کوردی زۆر بێ.**

وێژاوەری و ئەدەبی کوردی هەیە و هەندێ لەو ئەدەبە هی خودی کوردانە. وە

Dr.Saleh Ebrahimi



هەندێکیش لە ویژا وەری پارسی وەرگیراوە.

ناوی زۆرێ لە ناو دارانی کورد، وەکو شاعیران، مێژو نوسان لە ویژا وەری کوردیدا ناویان هاتووە.

لە ساڵەکانی ١٨٥٥ ـ ١٨٦٠ی زایینی دا سەرکونسولی روسی **«ئەلیکساندر ژاپا»** لە ئەرزە رۆما بە هاوکاری زانا و هۆزانی کورد **«مەلای بایەزیدی»** دەس نوسگە لێکی زۆرو وزەوندی کوردی (چیروک «ئەفسانە» حیقایەت «بەیت» شیعرو بەسەرهات)ی کۆکردوتە وە وبردویەتە روسییە.

ئەو مرۆیە بە یارمەتی **(مەلای بایەزید)** ناوی چەن کەسی لە شاعیران و چرگەرانی کورد، وە بە سەرهاتی ئەوانی بەکورتی لە پەراوەکەی خوێدا نوسیویەتی و لە چاپی‌داوە.

دوای چاپ کردنی پەراوەی (ئا ـ ژاپا) جەهان تێ‌گەیشت کە شاعیر، مێژو نوس، زاناو ئەدیب و هۆزانیش لە نێوکردان هەڵکەوتوە و هەیشە. لە مانەوە، زانرا کە نەتەوەی کوردیش ویژا وەری تایبەت‌بە خۆی هەیەو خاوەنی ژیاریشە.

(ئا ـ ژاپا) چەن پەراوەی لە دەس نوسەکانی چریکەی (مەم و زین)ی بردە شاری (پیترزبورگ) وە لەگۆڤاری: ژمارە سێهەم دا واتاکەی چریکەی **(مەم وزین)ی (ئەحمەد)ی خانی بەکورتی** بە زمانی فەرانسە وی چاپی کرد.

لەو سەر دەمە داکورد ناسانی، زمانی کوردی زان، لە روسییەدا ئەونە، نەبون کە بتوانن پەراوەی چریکەی **(مەم وزین)ی (ئەحمەد)ی خانی** بە جوانی رێك و پێك بکەن و لە چاپی دەن. تا ئێستا چریکەی (مەم و زین)ی (ئەحمەد)ی خانی بە شێوەی **دێرو خەتی عەرەبی سێجار** چاپ کراوە.

جاری یەکەم لە ساڵی **١٩٢٠ زایینی لە ئەستەمبوڵ لە چاپ دراوە.** بەڵام حوکومەتی تورکییە هەمو پەراوە چاپ کرا وەکانی **چریکەی (مەم و زین)ی کۆکردەوەو سوتاندنی.**

جاری دوەم حەمزا غا لە ساڵی ١٩٤٧ زایینی چریکەی (مەم و زین)ی (ئەحمەد)ی خانی،

Dr.Saleh Ebrahimi



بە، بەرکولێک لە خویەوە، لە شاری (حەلەب)دا چاپ کردوە.

دوای ئەو چاپە **(گیو)ی (موکریانی)** لە ساڵی **١٩٥٣** دا (مەم و زین)ی دوبارە بە شێوەی کرمانجی خوارو، ـ لە شاری هەولێر لە عیراقا لە چاپی دایەوە.

بەڵام ئەشێ، بێژین: چونکا ژمارەی پەراوەی چاپ ـ کراوەی (مەم و زین) فرە نەبو، ئێستە یەک، بەرگیش لەوا نەگیر ناکەوێ.

تازە کتێبی **چریکەی (مەم وزین)** لە ڕوی ئەو یەک دەنکەوە وا هەبو چاپ کرابو، ئەبێ بزانین پەراوەی ـ چریکەی (مەم و زین) وەرگەڕاوەتە سەر زمانە بێگانەکانی جەهان.

لە ماوەی ساڵەکانی **١٩٤١ ـ ١٩٣١**ی زایینی جارجار چەن پارچە لە پەراوەی چریکەی **(مەم و زین)ی (ئەحمەد)ی خانی** لە گۆڤاری (هاوار)دا بە شێوەی لاتین بڵاو کراوەتەوە.

لە ساڵی **١٩٣٣** ی زایینی لە سوێتگەی بریارنامەیێک کەلە کونفەرانسی کورد ناسان لە **(ئێرەوان)دا** دەرکرا ڕاگەیندرا، نمونەگەلێک لە ویژاوەری کوردو ئەدەبی کلاسیکی کوردی کۆگرێتەوە و چاپ کرێ.

یەکێک لە دەستورەکانی بریارنامەی ئەم کونفەرانسە چاپ و بڵاو کردنەوەی پەراوەی چریکەی **(مەم وزینی) (ئەحمەد)ی خانی** بە شێوەی لاتین بو. بەڵام بە داخەوە ئەم لێ برانە بەریوە نەبرا.

ئامانجی **ئەنیستیتوی خۆر هەڵات ناسان** ئەمە بو کە لە ڕێگای لە چاپ دران و بڵاو کردنەوەی پەراوەی چریکەی **ئەحمەدی خانی** دیمەنی پرشینگداری فەرهەنگی نەتەوەی کورد، بە چینی خوێندەواری، کورد، وە هەر وەها بە هۆزانانی جەهانی نیشان بدات کە نەتەوەی کوردیش وەکو نەتەوکانی تری جیهان لە ژیار (تەمەدن)ی جەهانا بەشدار بووە.

ڕاستیەکەی ئەمەیە چەندین ساڵ بەر لەئێستا لە هێندێ پەراوە دا لە بابەت نرخاندن و

Dr.Saleh Ebrahimi



گرینگ بونی چریکەی **(مەم و زین)** بەکورتی مەبەستگەلێک نوسراوە. هوزانانێکی کوردی وەکو: (زییائەددین خالیدی، ئەمین زەکی ـ شێرکو، جەلادەت بەدرخان، دوکتور کامران بەدرخان، عەلائەددین سەجادی، گیوی موکریانی وتارگەلێکی پڕ بایەخیان لە بابەت ئەحمەدی‌خانی و دیوانەکەی وی: **(مەم و زین)** نوسیوە. هەر وەها خۆر ـ هەلات ناسانی ئوروپایی (آ ـ ژابا، پ ـ ی، ئوربکی، و ـ نیکتین، ر ـ لیسکۆ) وە خۆر هەلات ناسانی ئوروپایی ترکەم و زیاد لە پەسەندی ئەحمەدی‌خانی و دیوانەکەی مەم و زینی ئەو، وتارگەلێکیان نوسیوە.

(م. ب. ڕودینکۆ) لە یاد داشتەکان وکارەکانی خوێداکە لە سەر **مەم و زین** جێ بەجێ کردون و ئەو نیشانانەی‌وا بو تێگەیشتن لە واتای ڕستەو واتای سەخت‌و ڕەقەکانی ئەحمەدی‌خانی دای ناون و بەکاری ـ بردون زاف بە نرخ و بە سودە (م. ب. رودینکۆ) لە پەراوێزی نوسراوەکانی خوێداا بە زمانی کوردی مەم‌و ـ زینی ئەحمەد خانیشی وەرگیراوەتە سەر زمانی روسی و لە چاپیشی داوە، کە بە باوەری من زۆر باشی وەرگیراوە (م. ب. رودینکۆ) پاش‌ئە وەی چریکەی ئەحمەدی‌خانی هێنایە سەر زمانی روسی مەبەستگەلێکی لێکولەرانەو ـ توێژا نەوەیێکی بەکەلکی سەبارەت بە مێژو، و (تەمەددون)ی نەتەوەی کوردی هاوردە، بان ڕو پەری قاقەزونوسی.

مرۆڤ بە یارمەتی ئەو توێژا نەوەی وی ئاسانتر ئەتوانێ چریکەی مەم‌و زینی ئەحمەدی‌خانی فێر بێت.

مێژوی لە دایک‌بونی ئەحمەدی‌خانی بە وردی روناک نییە، بەلام ئەوەی وا دیارە ئەحمەدی‌خانی لە سەتەی ۱۷ چریکەی مەم‌و زین و فەرهەنگلیلەی عەرەبی ـ کوردی یەکەی خوێ نوسیوە. ناوی باوکی ئەحمەدی خانی **ئەلیاس و** لە هوزی خانیان بووە. تیرەی خانیان لە سالی ۱۹۵۲ی ـ زایینی لە مەلبەندی بایەزید نیشتە جێ بون. بەر لەو مێژووە، لە سالی ۱۵۱۴ی زایینی کوردستان بەش کرا ـ یەک بەشی کوردستان کەوتە ژێر

Dr.Saleh Ebrahimi



دەسەلاّتی تورکە عوسمانییە کان...

**ئەحمەدی خانی** هەژاری و دیلی نەتەوەی خۆی باش تی گەیشبو وە لە مەلّبەندی بایەزید، خۆی بە چاوی خۆی ئەی دی نەتەوەی کورد چەن گزو مالّ ویّرانە، سەبارەت بەمە زۆر دلگران و بە ئیّش و ژان بو.

**ئەحمەدی خانی** زۆر هۆزان و ورد و زانا بوە. بە شویّەواری عەلی حەریری، فەقیّ تەیران و مەلای جزیری و شاعیرانی کورد زاف شارەزا بوە، جوان ئەوانەی زانیوە باش ئەوانەی ناسیوەویە شویّەواریان شارە زابووە. وە هەر وەها ئاشنایی بەشوّینەواری نیزامی **گەنجەوی کوری رەئیسەی کورد** هەبوە، شویّەواری فیردەوّسی و هی شاعیرانی تریشی باش ئەزانی و دەسیّ بالاّی لە زانینی ئەوانە دا هەبووە.

(ئاکادیسین آی. آ. ئوربلی.). لە پەسەندی ئەحمەدی خانی دا ئەوا ئەنوسیّ:

کاتیّ ئیّمە ئەگرینە، بەر چاو کە شاعیرو ئەدیب، شویّەواری لەگەلّ خەلّک و نەتەوەی خۆیدا پیّوەندی توند و بتەو و نەپساوی هەیە ناچار ئەکویّتە یادی سیّ شاعیری گەورەی خۆر هەلاّت. کە هەرسیّکیان، لە ریز و ریّزی، یەک دان: (روستا ولی گورجی، فیردەوّسی توسی ئیرانی، ئەحمەدی خانی کوردستانی.[1]

**چریکەی ئەحمەدی خانی** لە سەر بنچینەی بە سەرهاتی نەتەوەی کورد، هۆنراوەتەوە ودامەزراوە. دیارە ئەتوانین بیّژین هەمو کوردیّک چ بە تەمەن و کەم تەمەن، چ لاو چ پیر

---

١. چریکەی خانی رئالیزم و حەقیقەت بۆکشانە، چونکا چریکەی مەمو زین فولکلورە و هیّمان بە شیّوەی جیاجیا لە ناو کوردانا، ماوە و هەروا باوەو چ درو و دەلەسەو تاک پەرستیشی تیا نییە. بەلاّم بە داخەوە کاری فیردەوسی دو خەوشی تیایە.

١ ـ درو گوتنی روّستەم بە کورەکەی. ٢ ـ تاک پەرەستی. کە هەردوکیان ئەمروّمەردودن. ـ دوەمی ریّبەندانی ١٣٥٧ هـ وە ٢٥٩٠ کوردی و ١٩٨٩ زاینی: شەپۆل.

Dr.Saleh Ebrahimi



چۆن و پیاو چریکەی، مەم و زین یا مەمی ئالان باش ئەزانن و لە بەر یانە.
کوردان ئەم چریکەیان زۆر پەسەندە و حەزی لێ ئەکەن،کاتێ چرگەر، ئەم چریکە بە دەنگ و ئاواز ئەگێرێتەوە،گشت کوردێک پێی خۆشە و ئەگەرگوێ لەو دەنگە بێت دێ بە دەم ئەو دەنگە وەو دڵی ئەداتێ تا دوایی دێ.

## چریکەی خانی

ئەحمەدی خانی لە چریکەی مەمو زینا ویژاورییێکی سەر بە خۆی هێناوەتە دی بە هزرو ئیدەییێکی سەر بەخۆ.
**ئەحمەدی خانی** لەم چریکەیە دا، تایبەتیەکانی ژیانی نەتەوەی کورد لە تەک ستلکوپیدی، وە باری ژیانی نەتەوەی هەژارو بێچارە ودیلی خۆی یەک، یەک، ئەنوێنێ و دەری ئەخات. خانی لە پەرا وەکەی خوێدا ئیدەی سیاسی و جۆری هزر کردنەوەی کۆمەلایەتی خۆی زۆر ڕون و ئاشکرا دەر ئەبرێ.
**خانی: ئێژێ:** هۆی دواکەوتن و نەچونە پلەی سەرەوەی فەرهەنگ و ژیارو ژیوار (تەمەددون)ی کورد، دابەش بونی ئاخو خاکی کوردانەو نەبونی حوکومەت و میرو فەرمانڕوایی کوردە. ئەمەش لە جیایی و دژایەتی کوردان، لە تەک خۆیانا سەر چاوەی گرتوە و شیلەگەش ئەگرێ. **ئەحمەدی خانی** سەبارەت بەمە بە شیعر ئەبێژێ:

گەر دی هەبوا مەئیتیفاقەک　　ویکرا بکرا مەئینقیادەک
تەکمیل دەکرد مەدین و دەولەت　　تەحسیل دەکرد مەعیلم و حیکمەت
تەعمیر دەبون ژ هەف مەقالات　　مومتاز دەبون خودان کەمالات

**ئەحمەدی خانی ئەزانێ** کە بۆ ئازادی کورد، یەکیەتی و زمان و ئەدەبو بە دەس هێنانی زانستو هونەر پێویستە.
خانی ئەم هەمو ئیدەو ویستە دەرونیانەی لە چریکەی مەمو زینی خوێدا دەرخستوە.
سەرە ڕای ئەمانە لە چریکەی خانی دا، دلپاکی، خوێن گەرمی، ئێسک سوکی، ڕەزا

Dr.Saleh Ebrahimi



شیرنی، خوشیکی، خۆشەویستی، دۆستی، راستی و برایەتی لە قارەمانەکانی:

(میر تاژەدین، چەکۆ، عەرفۆ، ئەستی ـ مەم ـ زین) ـ ئەباریۆ و زۆرتەروپارا وەوزۆریش جوان ئەم ئاکا رانەی بە شێوەیێکی بە رزو تەرز دەرخستوەو هێنا وەنییەتە، دی.

**میر تاژەدین** ـ چەکو ـ عەرفۆ ـ مەم ـ زین و ئەستیێ لە نێو نـەتەوەی کـوردا بـە نـاوی نوێنگەی پاکی و ئینسانییەت و ئیدەئال نا و بانگیان کردوە.

هەرکوڕوکچ و ژن و پیاوێکی کورد، کردەو ئاکارو خوی قارەمانانی چریکەی مەمو زین لە **ژیانی خۆیانائەکەنە سەر مەشق.**

هەر ئافرەتێکی کورد ئەیەوێ وەکو (زینو ئەستیێ) داوێن پاکو نەرم و نیان بێ، هەر پیاوێکی کورد ئەیەوێ وەکو (میر تاژەدینو چەکۆ و عەرفۆ و مەم) ئازاو جوامێر وە لە دۆستی و برایەتی دا، قورسو قاییم و سەنگین وگران بن.

**«نرخاندن»**

نرخاندنی رامیاری و سیاسی و وێژاوەری و ئەدەبی و هونەری چریکەیخانی هەرگیز لە ناو ناچێ.

**ئەحمەدی خانی** لە دیوانەکەی خوێدا دیاری بۆ ئەمە ئەکات: تا دژو دوژمن نەبێژن بە زمانی کوردی نوسراوە قاتە، ئەڵێ: هەمو جەهانیان خودانی پەراوە وکتێب و وێژاوەری و هونەرن، بێجگە لە کورد. بەکورتی تا نەبێژن: نەتەوەی کورد ئامانجی نـەبووە. لەم ـ بابەتەوە خانی ئەڵێ:

| | |
|---|---|
| خـــانی ژ کـــەماڵ بێ کـــامالی | مـــەیدانـــی کـــەماڵ دیت خـــاڵی |
| یـــەعنی: نـــەژ قـــابیل و خـــەبیری | بـــەلکی بـەتەعەسوب و عـەشیری |
| حـــاسل ژ عـیناد ئـەگـەر ژ بـیداد | ئەفبیدعەتە کـر خـیلاف مـوعتاد |
| ســـافی شـمرانـدفە خـوار دەردی | مـانەندی دەردی لیسـانی کـوردی |
| ئـــینایە نـــیزام ئـــینتیزامـــی | کێشـــایە جـــفا ژ بـــوی عـــامی |

Dr.Saleh Ebrahimi



دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و پنیاد
ئەنواعی میلەل خودان کتێبن کرمانج تەنێ دبێ حسێبن
هەم ئەهلی نەزر نەبێن کو کرمانج عیشق نەکرن ژ بۆ خۆ ئامانج
تێکدا نە دتالیبن نە مەتلوب وێکرا نەموحیبن و نە مەحبوب
بێ بەهرەنە ئەو ژ عیشقبازی فاریغ ژ حەقیقی و مەجازی
کرمانج نە پڕد بێ کەمالن ئەمما دیە تیم و بێ مەجالن
فیلجوملە نەجاهیل و نەزانن بەلکی د سفیل و بێ خودانن

لە پێش خانی دا شاعیرانی کورد زۆر بون وەکو:

نەقێ تەیران ـ مەلای باتە ـ عەلی حەریری ـ **مەلای جزیری** و شاعیران و چڕگەرانی تر.

بەلام لەو رۆژگارە دا کورد و کوردستان لە ژێر، دەسەلاتی تورکی عوسمانلی دا بون، ناوی ئەم شاعیرانە بزر کرا بون، کەس نرخی ئەوانەی بۆ دەر نەکەوتبو.

بەر لەوان جوا مێر و ئازا یەک هەل نەستا بو، کە ئالای سەر بەرزی هەلدا و بێژێ:

کە ئێمەش خاوەنی فەرهەنگ و زمان و شارستانی (تەمەدونین) پێکەوە نەتەوەییکین و ئەش توانین بە زمانی خۆمان بنوسین و بخوێنین و فێریش بکەین.

تا **ئەحمەدی خانی** بێ ترس و لەرز هاتە ناو کۆری خەبات وئالای یەکیەتی کوردانی، نەبەزانە بەرزەوە کرد و هەلیدا و بەم جۆرە **بەردی بناغەی زێد خۆشەویستی** وگەل پەروەری بۆ نەتەوەی کورد دارشت.

**ئەحمەدی خانی** لەم بابەتەوە لە بەر کولی پەراوە و چریکەی مەم و زینی خوێدا ئاوا ئەبێژێ:

گەردی هەبویا مەژی خودا نەگ عالی کە رەمەک لە تیغەدا نەک
عیلم و هونەر و کەمال و ئیزعان شیعر و غەزەل و کیتاب و دیوان
ئەف جینس ببا لباوی مەعمول ئەف نەقد ببا لەنگ وی مەقبول

Dr.Saleh Ebrahimi



مەن دی عیلما کەلام مەوزون　　عالی بکرا لبانی گەردون
بینا فێ ڕوحا ملێ جزیری　　پێی حەیی بکرا عەلی حەریری
کەیفەکوە بدا فەقێی تەیران　　حەتتا نەئەبەد بمای حەیران

**ئەحمەدی‌خانی** بە نرخاندن‌و گرینگ بونی زمانی کوردی زۆر باش ئاگادار بوە، خانی زانیوەتی بۆ سەرکەوت و پیشکەوتنی نەتەوەی کورد، بۆ پتەوکردنەوەی یەکیەتی هۆزو تیرە کوردەکان، بۆ ئازادی کورد، پێویستە هەموکور دێک چ گەورە، چ چکۆڵە زمانی خۆی چاک فێر بێ و چریکە و چیروک و ویژاوەری و ئەدەب و ویژە و هونەرو شیعرو مێژوی نەتەوەی خۆی فێر بێ و جوان بینوسێ، جا هەرلە بەر ئەم باوەڕو ئیدەو ئامانجە بوو کە خانی بە درا وی **خۆی بۆ منالانی کورد فێرگەییکی دامەزراند و خۆشی لەوێدا خەریکی دەرس وتنەوە بە زمانی کوردی بو و بەکوردی دەرسی بە منالی کورد ئەوت.**

**ئەحمەدی خانی** فەرهەنگیلەی عەرەبی ـ کوردی هەر لە بەر ئەم سونگە نوسی کە منالی کورد بە زمانی کوردی ودایکی خۆی بخوێنێ و زمانی عەرەبیش باش فێربن ئەحمەدی خانی فەرهەنگیلەکەی خۆی نا و نا (نوبار) ـ کە لەوا بە شیعر ئاوای کوتوە:

ژپاش حەمدو سلەواتان　　ئەڤ چەند کەلمە ژ لوغاتان.
فێک ئیخستنە ئەحمەدی خانی　　ناڤ لێ نوبار بچوکان دانی
نە ژبو ساحیب رەوا جان　　بەلکی ژبو بچوک دکور مانجان
ئەڤکو ژ قورئانی خلاس‌بن　　لازیمە سەواد چاڤ نامی بن
دا بفان چەند ڕەش بەلەکان　　لێوان تەبیعەت مەلەکان
ئومێدم ژ تفالان　　کومە عەمەل بتالان
د وەقت دەور، دەرسان　　بکە ئینعام و ئیحسان
بە دوعا مەبیر بینی　　فاتیحە ژ مەرا بخوێنن